گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/8m0h7y53

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 04/04/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 06/07/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# ڕۆڵی ئافرەت لە بنیادی موزیکیی بەیتی کوردیدا بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) بە نمونە

سەرکەوت بورهان یوسف[1] - دلاوەر محەمەد مستەفا[2]
serkawt.flute@gmail.com dlawer.muhammad@su.edu.krd
[1+2] بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

بەیتە کوردییەکان سەرەڕای ئەوەی پانتاییەکی گەورەیان لە گۆڕەپانی هونەر و ئەدەبی زارەکی کوردیدا گرتوە. بەڵام کەمترین لایان لێکراوەتەوە و نەتوانراوە لەگەڵ دونیای ئەمڕۆدا بخرێنە بەر باس و توێژینەوە. هەتاوەکو ئێمەش بتوانین ئەو کولتورە دەوڵەمەندەی خۆمان بە جیهانی دەرەوە و نەوەی تازە بناسێنین.

بەیت لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بونی هەیە، بەتایبەت لە سنوری هەردو شێوەزاری (کرمانجی باکور، کرمانجی ناوەڕاست) بەکارهاتوترە. مێژوی بەسەرهات و سەرهەڵدانی چیرۆکی بەشێکیان بۆ زۆر لەپێش دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەیە، کە ئایا ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتی کورد لە بەیتە کوردییەکاندا چییە؟ توانا و کەسایەتی و هێزی ئافرەت لە چ ئاستێکدایە و ئافرەت چ کارەکتەرێکی ناو بەیتەکان پێکدەهێنێت؟

لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا چەندین ئاستەنگ و گرفت هاتنە پێش لەوانە: ئەو ئافرەتانەی کە دەنگیان خۆش بوە و بەیتبێژ بون، هیچ تۆمارێکی دەنگیان لەدوا بەجێنەماوە، تەنها بەناو لەناو لاپەڕەکانی بابەتە هونەرییەکاندا ناویان هاتوە! هەروەها هەندێک کەسایەتی ناو بەیتەکان کە ئافرەتن ناویان ونبوە و نەناسراون، ئەگەرچی لەناویاندا ئافرەتانی ناو بەشێک لە بەیتەکان ڕۆڵی پاڵەوان دەبینن. تەنانەت کارەکتەری سەرەکین و خۆیان داهێنەر و دروستکەری بەیتەکانن، بەڵام شوێنەوارەکانیان ونبوە و چارەنوسیان نادیار و سڕاوەیە، لەبەرامبەر پاڵەوانە پیاوەکان کە گۆڕ و چارەنوسیان دیاریکراوە. هەر بەگشتی ئەو کۆنتێکستانەی بۆ بەیت دەڕەخسێن، وا دەکەن ئافرەتان ڕۆڵی جیاواز لەناو بەیتەکاندا ببینین. بۆیە ئافرەتانی (سەرکردە و پاڵەوان، قوربانی، خزمەتکار، ئەڤیندار...هتد) دەردەکەون.

میتۆدی ئەم توێژینەوەیەمان وەسفی شیکارییە، بۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی یەک نمونەیە کە بە (بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ) ناسراوە.لەناو ئەم کارەیدا توێژەران چەند ڕاسپاردەیەکیان ئاراستەی دامودەزگا و لایەنەکانی پەیوەندیدار کردوە، لەوانە ئەنجامدانی: کۆنفرانس، دیدار و کۆنگرە لە پێناوی زیاتر برەودان بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەیت.

هەروەها توێژەر پێشنیاری ئەوە دەکات لەڕوی کات و مێژووەوە پێویستە ڕوداوی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) لەلایەن پسپۆڕان یەکلابکرێتەوە و ئینجا تەواوی ئەو بەیتانەی تۆمارکراون بە (نۆت) بکرێن.

**کلیلە وشە:** ڕۆڵی ئافرەت، بەیتی کوردی، بنیاد، موزیک، بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ.

# The Role of Women in the Foundation of Musical Kurdish Verses Verses (Kaka Mir & Kaka Sheikh) as an Example

**Sarkawt Burhan Yusef[1] - Dlawar Mohammed Mustafa[2]**

[1+2] Department of Music, College of Fine Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The paper explores the foundation of the Kurdish folk poetry and draws attention to the fact that in the contemporary world, unfortunately, it does not receive enough attention from Kurdish scholars as it should have. Overall, it aims to examine how women's abilities, identities, and social power are reflected in the verses, and what kind of characteristics are attributed to women within the Kurdish verses. This research seeks to explore many challenges. Among them is the absence of their audio clips especially those who once were masters, yet left behind no traces of audio, only their work which got preserved in the verses and some pages of art. Some women appear in these works remain unknown, never became famous. However, their reputability is lost within time. In contrast, the hero men have stories and endings that are clearly remembered and recorded. The research is analytical descriptive method, aiming to analyze and explain the figures of (Kaka Mir and Kaka Sheikh) verses. The researcher has provided several recommendations to relevant institutions, encouraging them to organize conferences and meetings aimed at promoting Kurdish verse. The researcher also suggested that the verses attributed to Kaka Meer and Kaka Sheikh be analyzed and placed within a clear historical and chronological framework by experts, and that all recorded verses be transcribed into musical notation.

**Keywords**: Women roles, Kurdish verses, Foundation, Music, Kaka Mir and Kaka Sheikh.

## بەشی یەکەم
## پێشەکی

بەیتی کوردی گەنجینەیەکی گەورەی ناو هونەر و ئەدەبی زارەکی کوردییە. بەشێک لە هونەری میللی کوردی پێکهێناوە. ئەم فۆڕمە دەنگییە لەناو زۆرێک لە گەلانی ناوچەکەدا هەیە، بەڵام کورد دەوڵەمەندترین میللەتە لەو بوارەدا. ئافرەتی کورد لەناو هونەر بە گشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتی پێگە و ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە. لەناو گۆرانیشدا لە بنیادی بەیتەکاندا چەندین ڕۆڵ و کەسایەتی هەیە. بەشێک لەبەیتەکان بەناوی ئافرەتەوە ناونراون، یان ئەگەر دو وشە لەناونانی بەیتەکاندا هەبێت ئەوا یەکێکیان ناوێکی ئافرەتانەیە. ئەو جۆرە بەزۆری لەناو بەیتە دڵداری و سۆزدارییەکاندا بەدیدەکرێت. جگەلەوە ئافرەت هەم دانەر و داهێنەری بەشێک لە بەیتەکان بوە، هەم بەیتبێژ بوە، هەم کارەکتەر و بەشداربوی جۆراوجۆری ناو بەیتەکان بوە. بۆیە لە بنیادی بەیتەکاندا کەسایەتییەکی بەرزی بێ وێنە و بەرچاوی هەبوە.

توێژەر و بەیتناس (عەلی خزری) دەڵێت: (ئەسۆزی داودی) کە کچێکی کوردە و لە زانکۆی (ئۆبۆی فیللەندا). بە پشکنینی سەرچاوەی باوەڕپێکراو و پشکنینی بەیتەکان ناوی (٧٠) ژنی کوردی دۆزیوەتەوە، لەناویاندا (منهوداد) ناوێک ٣٠ ساڵ لە میسر حوکمڕانی کردوە (خزری، با٢: ١٩٩٨)

یەکەمین دەستنوس و بەڵگەی نوسین لەسەر بەیت (بەیتی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی)[1]یە. ئەمەش بوە سەرەتایەک بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسان و توێژەران بەدواداچون لەسەر بەیتە کوردییەکان بکەن. دواتر (مەلا مەحمودی بایەزیدی)[2] دەقی بەیتێکی (مەم و زین)ی بەشێوەی چیرۆک و پەخشان نوسیوە. دوای ئەوانیش (ئۆسکارمان)[3] لە (١٩٠٥) (توحفەی موزەفەریە)ی بڵاوکردۆتەوە نزیکەی (١٧ بەیت و ٢٠٠ غەزەل و گۆرانی) ناوچەی موکریانی تێدایە.

## ١-١ ناساندنی ناونیشان و بواری توێژینەوە

بەمەبەستی بەرچاوڕونی زیاتر لەمەڕ ناونیشانی توێژینەوەکە. توێژەر چەمک و زاراوەکانی پەیوەست بە ناونیشانەکە دەناسێنێت و شیدەکاتەوە:

### ١-١-١ ڕۆڵی ئافرەت

ئافرەت و بەیتی کوردی پەیوەندییەکی بەهێز و دانەبڕاویان پێکەوە هەبوە. لەناو بەیتەکاندا کەسێتیان لەئاستێکی بەرزی کۆمەڵایەتی و هونەریی دابوە. چەندین پێگە و ڕۆڵی جۆراوجۆریان دەبینن. کارەکتەری سەرەکیین لە ناوەڕۆک و پێکهاتەی بەیتەکاندا.

لە ناولێنانی بەیتەکاندا بەشێکی بەرچاویان ناوی ئافرەتیشی لەگەڵدایە وەک: (شێخ فەرخ و خاتو ئەستی، لاس و خەزاڵ، شۆڕ مەحمود و مەرزینگان، مەم و زین، قەر و گوڵەزەر، ئەسمەر و مامەر...هتد).

لە بەیتە کوردییەکاندا ئافرەت وەک کەسایەتییەکانی جوانی و خۆشەویستی و ئەڤینداری دەردەکەوێت. لە زۆربەی بابەتی خۆشەویستی ناو بەیتەکاندا دەبێتە قوربانی. چیرۆکێکی هاوبەش لەنێوان هەردو بەیتی (مەم و زین، شێخ فەرخ و خاتو ئەستی)دا هەیە، ئەوەش دەریدەخات عاشقانی کورد چەند تامەزرۆی خۆشەویستی یەکتری بون. چیرۆکەکە بەو جۆرەیە: کاتێک ئەو عاشقانە بە خاک دەسپێردرێن. دوای ماوەیەکی زۆر کورت گۆڕەکانیان شەق دەبن، ئەو دو خۆشەویستە لە ناوقەد بەرەو ژور بەیەکگەیشتون. ئەگەرچی چیرۆکەکە ئەفسانەیە، بەڵام لەناو کۆمەڵگای کوردی و گوێگری بەیتی کوردیدا نیشانەی باوەڕبونە بە عەشقی پاک و ڕاستەقینەیی.

### ١-١-٢بنیاد

لە ڕوی وشەسازییەوە چەند مانایەکی هەیە، لە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە)دا بە (بنیات) هاتوە، کە بەمانای: بنەڕەت، هیم، بناخە، ئیجاد، سازدان هاتوە (هەژار، ١٩٩٠: ٦١). لە (فەرهەنگی خاڵ)، ئەو وشەیە بە (بنیات) هاتوە، بە مانای بناغە (خاڵ، ٢٠٠٥: ٣٦).

لەڕوی تەکنیکی و هونەرییەوە ئەو وشەیە زیاتر بۆ توخمەکانی پێکهاتن و دروستکرن و ڕێکخستن دێت. لەو توێژینەوەیەدا بە مەبەستی پێکهاتن و بناغەو توخمەکانی موزیک دێت، کە بەیتیان لەسەر بنیادنراوە. وەک (مەقام، ڕیتم، بەند...هتد) کە لە ناوەخندا بە وردی باسیان لێوەدەکرێت.

### ١-١-٣ موزیک

هونەرێکە لە هونەرە جوانەکان و جیاوازە لە هونەرەکانی دیکە. لەبەرئەوەی نابیندرێت، بەڵکو دەبیسترێت. زمانێکی گشتی جیهانییە. زانستێکە وەک هەر زانستێکی دیکەی سەر زەمین کە جوانترین هەستی دەربڕینی مرۆڤەکانی پێدەردەبڕدرێت(ئازید،٢٠١٦:٢٧).

بۆ کورد گۆرانی و موزیک لایەنێکی گرنگی ژیانە و لە کاتی خۆشی، ناخۆشی، خواپەرستی، سەما و کارکردندا گۆرانی دەوترێت (حەمە ڕەش، موزیکناس: ٢٠٢٣).

موزیکی کوردی مۆرک و خەسڵەت و مێژو و فۆڕمی تایبەت بەخۆی هەیە. لە گۆشەنیگای گەلێک تەوەر و لایەنەوە دەتوانرێت کاری لەسەر بکرێت، کە هەریەکەیان بایەخ و تایبەتمەندیی خۆی دەبێت(عوسمان ڕەشید، ٢٠٢٣: ٤).

### ١-١-٤ بەیتی کوردی

بەیت، فۆرمێکی دەنگی کوردییە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێک، یان سەرگوزشتەیەک و ڕوداوێک کەڵکی لێوەردەگیرێت. ڕەگێکی قوڵی لە نەریتی کوردیدا داکوتیوە و ڕۆڵێکی جەوهەری لە پاراستنی مێژو و شوناسی کولتووریدا دەگێڕێت (یاسین، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

لە **(ئینسکلۆپێدیای ئێران)** دکتۆر **(ئەمیر حەسەنپور)** دەڵێت: بەیت جۆرێکە لە هونەری میللی کوردی، کە لە "داستان" یان "حەکایەت"ی تورکی و ئازەری و "بارادە" میللییەکانی بەریتانی و سکۆتلەندی و "ویسە"ی vise دانیمارکی و "ڕۆمانس"ی Romance ئیسپانی و "بیلینا"ی Bylina ڕوسی و....هتد دەچێت. ئەوروپاییەکان بە هونەرێکی نزیک لە بەیت دەڵێن (Epik)[4]، کە وشەیەکی کۆنی یۆنانییە (دزەیی، با١: ١٩٩٨).

### ١-٢ گرنگی توێژینەوە

- ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پاراستنی نەریتە دێرینەکانی ڕابردو.
- پێویستە لە ڕێی ئەو توێژینەوانەوە پێگەی کولتوری و هونەری و ڕۆشنبیری ئافرەتی کورد بخەینە بەرچاو.
- (پێرفۆڕمانسی[5]دەنگ) (Performance) لە نمونەی توێژینەکەماندا شیکاریی بۆ کراوە.
- بنیادی موزیکی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ). لە مەقام و مۆد و ڕیتم و ئۆرنەمێنت و ئارتیکۆلەیشنەکان و داینامیکەکانەوە خراونەتەڕو.
- هەناسەوەرگرتنەوە و هەناسەدانەوە لەکاتی بەیت گوتندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت. چونکە هیچ ئامێر و کەرەستەیەکی موزیکی لەگەڵ بەیتبێژدا بەشداری ناکات. بۆیە توێژەر بە وردی و جەختکردنەوە کاری لەسەر ئەو تەوەرە کردوە.
- لەو توێژینەوەیەدا بە وردی میانە (یەک چارەگە دەنگ) (نیونزمۆک)[6]ەکان دیاریکراون و خراونەتەڕو.
- گەڕان و بە دواداچونەکان بۆ پەیوەندی نێوان بەیت بە کۆمەڵگاوە لە ئێستای بارو دۆخی هونەریی و ژیانی کوردەواریدا بە پێویست دەزانرێت. هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئەو توێژینەوەیە گرنگی خۆی دەبێت بۆ داهاتوی گۆرانی و موزیکی کوردی.

### ١-٣ گرفتی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە ڕوبەڕوی چەندین ئاستەنگ و گرفت بۆتەوە لەوانە:

- لە ئێستادا بە دەنگی ئافرەتی کورد هیچ تۆمارکراوێکی دەنگی لەبەر دەستدا نییە کە بەیتبێژ بوبن. ئەوەی هەیە لە لاپەڕەکانی مێژو، فۆلکلۆری و ئەدەبیەکان دایە،کە باس لە بونی ئافرەت دەکەن وەک بەیتبێژ. لە بەرامبەر ئەوەشدا بەشێک لە ناوەڕۆکی خودی بەیتەکان ئەوە دەردەخەن کە ئافرەتی بەیتبێژ هەبوبن.
- ئەو گێڕانەوە و چیرۆکانەی بۆ بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) لەبەردەستدان، کە نمونەی توێژینەوەکەمانە بۆ شیکردنەوە. جۆراوجۆرن و لەیەکناچن.
- ڕۆڵی ئافرەت لەناو بەیتەکاندا تا ئێستادا بۆ توێژەران و پسپۆڕان ڕون نییە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی وەک چۆن بەیتەکان فەرامۆشکراون. ئافرەتانیش فەرامۆشکراوترن و قوربانی بارودۆخی ئاینی و کۆمەڵایەتی کوردستانن.

### ١-٤ پرسیارەکانی توێژینەوە

- ئایا ئافرەت لە بەیتەکاندا چ ڕۆڵێک دەگێڕێت؟
- پێگەی ئافرەت لەناو بەیتەکاندا لە چ ئاستێکدایە؟

**١-٥ ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە:

- بەدیارخستنی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لەناو بەیتەکاندا.
- بە دیارخستنی بنیادی موزیکی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ). کە دانەر و گێڕەرەوەکەی ئافرەت بوە.

**١-٦ سنوری توێژینەوە:** بریتییە لە سنوری شوێن (ناوچەیی) و سنوری کات و سنوری بابەت و سنوری مرۆیی.

**١-٦-١ سنوری شوێن (ناوچەیی):** سنوری شوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناوچەی (مەرگە). کە شوێنی ڕودانی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)ە، نمونەی شیکردنەوەی توێژینەوەکەمانە.

**١-٦-٢ سنوری کات:** ڕوداوەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە دەوروبەری ساڵی (١٥٣٤ز).

**١-٦-٣ سنوری بابەت:** تەنها لە چوارچێوەی دو بابەتی گرنگ ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دراوە، کە بریتیین لە:

- تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئافرەت لەناو بەیتەکاندا.
- فۆرم و هونەری بەیت لە ڕوانگەی کۆنتێکست و بنیادی موزیکی.

**١-٦-٤ سنوری مرۆیی**

- نمونەی شیکاریی بەیتەکە بە دەنگی بەیتبێژ (حەمەدی ئاغای) تۆمارکراوە. بە دواداچون لەسەر دیکۆمێنت و ئەو نوسراوانە کراوە، کە باس لە ڕۆڵی ئافرەت لەناو بەیتەکاندا دەکەن.
- بۆ شیکاریی نمونەی توێژینەوەکە. نوسینەوەی (نۆت)ی موزیسیان (کاوە فەقیەزادە) بەکارهێنراوە. ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە توێژەر ڕا و سەرنجی چەندین پسپۆڕ و شارەزای وەرگرت. بەراوردی (نۆت)ی بەیتەکەی کرد، لەگەڵ دەنگی بەیتبێژ. لە ئەنجامدا نوسینەوەی (نۆت)ی بەیتەکە دروست و گونجابو بۆ شیکاری کردن و بەکارهێنانی لە توێژینەوەکەدا.

**١-٧ میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (ڕوپێوی و وەسفی و شیکاریی) لەسەر بنەمای توێژینەوەی چۆنایەتی (qualitative research) بەکارهاتوە.

- میتۆدی ڕوپێوی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بەیتەکە بەکارهێنراوە.
- بۆ لێکدانەوەی ڕەهەندی ئەدەبی و موزیکی میتۆدی شیکاریی بەکارهێنراوە.

## بەشی دوەم

### ٢-١ بەیت چییە؟

"بەیت" پێکهاتەیەکی گرنگی ناو ئەدەبی زارەکی و هونەری موزیکی میللی کوردییە. هونەریی میللیش ڕاستەخۆ پەیوەستە بە کۆمەڵگا و دابونەریت و ژیار و شارستانیەتی کۆمەڵگاوە. لە چەندین توخمی ئەدەبی و دراماتیکی و موزیکی پێکدێت، وەک: هۆنراوە، پەخشان، چیرۆک، ئەفسانە، ڕوداو، ئاوازی ڕیتم دار، ئاوازی ڕیتم سەربەست، هێزێکی زۆری دەربڕین و دینامیکی و بەجێهێنانی (پێرفۆرمانس)ی تێدایە.

بەیت نەزیلەیەکی سەرزارەکییە، هەموی بە دەنگ و ئاهەنگ دەگوترێ، یان تێکەڵاویەکە لە ئاهەنگ و شیعر و پەخشان (پایانیانی،٢٠١٩: ٥٠١).

توێژەر پێیوایە بەیت بە دو چەمکی جیاواز ڕاڤەی بۆ دەکرێت: یەکەمیان لە ڕوی ئەدەبییەوە. دوەمیان لە ڕوی هونەرییەوە و موزیکییەوە.

لە ڕوی ئەدەبییەوە: دەچێتە ناو خانەی ئەدەبی زارەکییەوە. لە ڕوی هونەرییەوە: دەچێتە ناو خانەی گۆرانی میللییەوە. کە وەک (فۆرمێکی دەنگیی)[7] دەناسێنرێت.

بەیتی کوردی یەکێکە لەو جۆرە هونەرە کوردییەی کە تایبەتە بە مۆرکی کورد، ئەستەمە لە ڕوی بنیادی موزیکی، پێرفۆرمەنس، میانە و پێکهاتەی میلۆدی گەلانی تر بتوانن بەکاریبهێنن.

ئەم فۆرمە بەلای (حەسەنپور)ەوە بەو جۆرە پیناسە دەکرێت: ژانرێکی هونەری زارەکییە. ئامرازی دەربڕینی ئەو ژانرە، زمانی موزیک و قسەکردنە (حەسەنپور، با١: ١٩٩٨).

هونەرمەند (ناسری ڕەزازی) نوسیویەتی: ئەو چیرۆک و داستانگەلەی کە لە کۆندا سینە بە سینە ماونەتەوە، زۆرتر داستانی حەماسی و کۆمەڵایەتین و بە ئاواز دەگوترێن. بەیت هیچ پەیوەندیەکی بەسەر (بێت)ی عەرەبییەوە نییە. لە ڕیشەی (پۆیێت Poet)ی لاتینی کە دەبێتە (شاعیر) کەوتۆتەوە. هەروەها دەبێ لە (پاد Pad)ی ئاوێستایی کە مانای (شیعر) دەدا کەوتبێتەوە. دوریش نییە لەگەڵ (بەیات) کە هەوایەکی موزیکییە و لە ئێراندا بە (شور) ناوی دەهێنن، یەک سەرچاوە و ڕیشەیان هەبێ. بە شێوەی هەڵبەست و پەخشان دەهۆنرێتەوە و زۆرتر باسی دڵداری و مێژویی و ئەو بەسەرهاتانە دەکات کە لە کوردستان ڕویان داوە. وەکو داستانی شەڕو چیرۆکی دڵداری و کۆمەڵایەتی. ئەم فۆمە دەنگییە لە ژیانی ئاژەڵداریی کوردەوارییەوە دەستپێدەکات، هەتا دەگاتە پەیدابونی (میر) و (ئەشراف)ە کوردەکان(ڕەزازی،٢٠١٠: ٤٦-٤٧).

لایەنێکی دیکەی بەیت ئاواز و هەواکەیەتی، هەوایەکی سەنگین و خاو کە بۆ بەزم و ڕەزم نابێ. ئەوەش وایکردوە، کە ڕوبەڕوی (ئاینی نوێ)[8] کە دژی موزیکە نەبێتەوە (قاسمی: ٢٠١٧: ١٣).

مارف خەزنەدار بەو جۆرە بەیت دەناسێنێت: ئەو جۆرە بەرهەمەیە، کە گیانی چیرۆکی تێدایە لە شوێن و سەردەم و قارەمان و جوڵانەوە، لە ڕوی قەوارە و کێش و قافیەوە بەسەر دو بەشدا دابەشدەکرێت: (بەیت، چیرۆکی شیعری[9])... بە قەوارە زۆر درێژ نییە، زمانی میللیە و ڕستەی ساکارە و زۆربەی خەڵک تێیدەگات، کێشی خۆماڵی (سیلاب)یە و قافیەی ڕەنگاوڕەنگە و لەسەر بنجی بەند (کۆپلە) دادەمەزرێ. وەکو بابەتێکی چیرۆکی شیعری زیاتر بۆ مەبەستی گۆرانی چڕین دادەنرێ. خەریکی دڵداری و خۆشەویستی و سروشتە. هەروەها ڕوداوی مێژویی و قارەمانێتی و پاڵەوانێتی نەتەوە لە شۆڕش و جەنگ و بەرگری لە نیشتمان دەگرێتەوە. ئەم جۆرە شیعرە "بەیتی مێرانی"شی پێدەڵێن. (خەزنەدار،٢٠٠١: ١٦٩).

وشەی "بەیت" لە هیچ کام لەو وشەدانە (فەرهەنگ)ە (فارسی بە فارسی)یانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە سەرکراوە بەو مانایە نەهاتوە، کە ئێمە مەبەستمانە. لە وشەدانی (فەرهەنگی) (کوردی-فارسی) مامۆستا هەژار (هەنبانە بۆرینە) لە بەردەم ئەم وشەیە دو مانا دانراون: (چیرۆکی پەخشانە شیعر) و ( ئاهەنگ، ڕیتم).

توێژەر (د. حسێن میکائیلی) دەڵێت: وادیارە سەردێڕە سەرەکییەکەی بەند بوە و بەرەبەرە بوە بە بەیت. (واتە بەیت لە بەندەوە هاتبێت) (میکائیلی، ٢٠٢٢).

توێژەری ناسراوی کورد (جەلیلە جەلیل) دەڵێ: بەیت زیاتر هی مەجلیسان بوە، لە هەندێک ناوچە پێیدەڵێن (قەول و بەیت) (جەلیل، با١: ١٩٩٨).

نوسەر و بەیتناس (ئەحمەد بەحری) سەبارەت بە کەمکردن و درێژکردنەوەی بەیتەکان. لەلایەن بەیتبێژانەوە دەڵێت: لە کۆندا بەیتبێژەکان لە بەیتبێژتندا زیادکردنیان پێ باش بوە، کەمکردنیان پێ خراپ بوە(بەحری، ٢٠٢٣: ٢٩).

(د. ڕەهبەری مەحمودزادە) لە پەرتوکی (پێکهاتەی بەیتی کوردی) دەڵێت: بەیت بە تەنها هەر بە زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست نەگوتراوەتەوە. بەڵکو زۆر بەیتی وەکو (خەج و سیامەند، سەیدەوان، زەمبیل فرۆش و مەم و زین) بە هەردوک شێوەزاری (کرمانجی باکور، کرمانجی ناوەڕاست) گوتراونەتەوە (مەحمودزادە، ٢٠٠٣: ٧٧).

توێژەر هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ بەیت، لەو چەند پێناسەیەی سەرەوەدا بە تایبەت پێناسەکەی (حەسەنپور) بەو جۆرە دەخاتەڕو: ئەگەر بەیت بە بەشێک لە ئەدەبی زارەکی دابنرێت، ئەوا بۆ نمایشکردن و پێشکەشکردنی ئەو جۆرە ئەدەبە زارەکییە، پێویستیمان بە موزیک و زمانی حیکایەتخوانی و گێڕانەوە هەیە. کە ئەمەش لەناو بەشەکانی تری ئەدەبی زارەکیدا بەدیناکرێت.

## ٢-٢ سەرەتایەکی مێژویی بەیتی کوردی

"بەیت" مێژویەکی دور و درێژی لەگەڵ ژیانی کوردەواریدا هەیە، لەقوڵایی سروشتی نیشتمان و ئاین و ئاینزا کۆنەکانی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە. بەشێک لەو بەیتە کۆن و دێرینانە تا ئێستاش ماونەتەوە و بەسەر زار و زمانی خەڵکەوەن.

(میهرداد ئێزەدپی) توێژەری بواری کولتور و فۆلکلۆر بەو جۆرە لەسەر لایەنی مێژویی بەیتەکان دەنوسێت: بەپێی ناوەڕۆک و دەقی چیرۆکەکانی ناو بەیتەکان بێت، بەیتی کوردی مێژویەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە. چونکە بەشێک لە پاڵەوان و ناوەڕۆکی چیرۆکەکان هی سەردەمە کۆنەکانن.... لە سەردەمی ئەشکانی (٢٤٧-٢٢٧ پ.ز) ژمارەیەکی زۆر شایەر و حیکایەتخوان لەناو کۆمەڵگادا هەبون، پێیان دەوترا: (**گۆسان**)[10]. لەناو ئاینی میترایيدا داب و دەستوری (میترایی) یان ئەفسانەی ڕۆنانی جیهان و دروستبونی دنیا، ڕۆڵی گرنگیان دەبینی... نەریتی بونی گۆرانیبێژی گەڕۆک و شایەر و حیکایەتخوان، لەناو کولتوری هەمە گەلانی هیند و ئەوروپی باوە. زۆر لە گەلانیتری ناوچەکەش کەوتونەتە ژێر ئەو کاریگەرییە (ئێزەدپی، ٢٠٠٨: ١٥).

توێژەر و هونەرمەند و بەیتبێژ (سەڵاحی خزری) لەبارەی مێژوی بەیتەکان دەڵێت: لە سەردەمی ساسانییەکان (بارباد و نەکیسا) بەیتبێژ و خۆشخوانی (خەسرەو پەرویز) بون. هەر ڕۆژەی (تەرزێک)یان پێشکەشی پاشای خۆیان کردوە. لەو دەمەڕا وەک سەرچاوە ئەوانە هەبون. تا ئێستاش تاک تاکە بەرهەمەکانیان ماون. هەندێک دەڵێن بەیت لە زەمانی سەفەوییەکاندا دروست بوە. بەڵام بەیتی زۆر کۆنترمان هەیە، بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام و پێشتریش. بۆ نمونە (شێخ مەند و شێخ ڕەش) باسی ئاینی (میترایزم) دەکات. کە چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا هەبوە(خزری، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

عەلی خزری لەم بارەوە دەڵێت: مێژوی بەیتەکان نازانرێن، کەمێکیان نەبێت، وەک بەیتی (باپیراغای مەنگوڕ، یان هەمزاغای مەنگوڕ، دمدم ...هتد) ئەوانی تریش مێژوەکەیان دیار نییە (خزری، با٢: ١٩٩٨).

سەردەمی گوتنی هەندێک لە بەیتە بەردەستەکان زۆر کۆن نییە؛ هەرچەندە هەندێکیان وەک (شێخ مەند و شێخ ڕەش، شێخ فەرخ و خاتون ئەستی) ڕیشەیان بۆ مێژوی سەردەمی ئەفسانەکان لە ئێراندا دەگەڕێتەوە. یان لە هەندێکیان توخمگەلێک لە ئاینەکانی جولەکە، مەسیحییەت، بودایی و ئیسلام و.... دەبینرێت. بەڵام ڕیشەی زۆربەیان لەژێر کاریگەری ڕوداوە مێژوییەکانی کوردستان تێر ئاو کراوە و پەلوپۆی پێدراوە. لە پاش سەردەمی سەفەوی و عوسمانی، واتە سەردەمی گەشەسەندنی بەیت. بەیتگەلێکی زۆر بەجێماوە، بەڵام دور نییە کە پێش ئەوەش بەیتبێژی و بەیتخوێنی هەبوبێت و سەردەمی خۆی باو بوبێت. یەکێک لە شێوەکانی ڕونکردنەوەی کۆن و دێرینبونی بەیتەکان لێکدانەوەی

ئەفسانەیی و کۆمەڵایەتی بەیتەکانە. ئەگینا تەنانەت سەرنج و تێبینی لە گۆڕانکاری وشە و دەستەواژە و ناوە تایبەتەکانیش کەمتر بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیدەرە (میکائیلی:٢٠٢٢).

هونەرمەند و مێژوناس (سمایلی ماملێ) بەو جۆرە لەسەر مێژوی بەیتەکان وەڵامی توێژەری داوە: کورد لە سەرەتای لەدایکبونی تا ئەمڕۆ، خاوەنی بەیتی خۆی بوەو بەپێی قۆناغ و سەردەمی ژیان ڕەنگدانەوەیەک بوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕامیاری، سیاسی و فەرهەنگی خۆیدا. هەر بۆیە بەیت بە بەشێکی بنەڕەتی لە خو و ڕەوشتی ڕەسەنی نەتەوایەتی کوردی دەزانرێ،کە وا لە دڵ و دەرونی هونەرمەندانی خۆشخوان و بەیتبێژی کورد سەرچاوە دەگرێ... ئەرکی دەرخستنی گەنجینەی نەتەوایەتی بە ئەستۆی هونەرمەندانی هەر گەل و نەتەوەیەکە کە ڕۆڵی سەرەکی لە ناسین و بوژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەی خۆیان دەبینن(ماملێ، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤).

توێژەر بە پشت بەستن بەو سەرچاوانەی سەرەوە و بونی چەندان بەیتی دێرین و کۆن. بەتایبەت بەیتی (شێخ مەند و شێخ ڕەش، شێخ فەرخ و خاتو ئەستی) کە وەک دەنگ و دەق لەبەردەستدان. باس و خواسی ئاینە کۆنەکانی وەک ئاینی میترایی و ئێزیدێتی، کە یەکێکن لە سەرەتاکانی دروستبونی ئاینەکان لە ناوچەکەدا. لەناو چەندان بەیت دا، پرنسیپەکانیان خراوەنەتە ناو ناوەڕۆکەکانیانەوە. بۆیە توێژەر وای بۆ دەچێت کە پەیوەندییەکی کۆن لە نێوان بەیتە کوردییەکان و کۆمەڵگای کوردی و ئاینە کۆنەکانی ناوچەکەدا هەبو بێت. بە تایبەت ئاینی میترایی. بەو پێیەش بێت مێژوی بەشێک لە بەیتە کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتاکانی گەشەسەندنی ئاین و ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.

## ٢-٣ ئافرەت و بەیتی کوردی

## پێگەی ئافرەت لە بەیتی کوردیدا

### ٢-٣-١ ئافرەت وەک پاڵەوان

لەزۆربەی بەیتەکاندا دو پاڵەوان ڕۆڵ دەبینن. ئەگەر یەکەمیان پیاو بێت، دوەمیان ئافرەتە. زۆر جار ڕۆڵی پاڵەوانێتی یەکەم لە لای ئافرەتەکەیە، یان ڕۆڵەکانیان وەکو یەک دابەشکراوە و یەکسانن، وەک: (شێخ فەرخ و خاتو ئەستی، قەر و گوڵەزەر، ئەسمەر و مامەر، سوارۆ....). لەو جۆرە بەیتانەدا ئافرەتەکە ناسراوە. ناو و تەنانەت تەمەن و کەسایەتی و ئیش و کاری زانراوە و ئاشکرایە. بۆ نمونە لە بەیتی (قەر و گوڵەزەر)[11]، گوڵەزەر ناسراوە و زانراوە کە کچی کێیە، چ کارەیە، تەمەنی چەندە...زۆر زانیاری تریش لەسەری هەیە.

(بەیتی سوارۆ) یەکێکە لەو بەیتانەی کە ئافرەت تێیدا سێ ڕۆڵ دەبینێت: (وەک داهێنەری بەیتەکە، وەک بەیتبێژ، وەک خۆشەویستی سوارۆ). لێرەدا ئافرەت زمانحاڵی ڕوداوەکان و چیرۆکەکانی ناو بەیتەکەیە.

(د. حسین میکائیلی) لە توێژینەوەیەکیدا بەناوی (بەیت لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا) دەڵێت: لە بەیتی "سوارۆ" کچێک دەبینین کە پەشیمانە لە ناز و خۆهەڵکێشان لە هەمبەر خۆشەویستەکەی، بەم شێوە لەبەرخۆیەوە دەیگوتەوە:

ئەوڕۆکە ئەوە کێژ دەڵێ سوارەکەم بریندارە.

بە تیران، بە ڕمبی، وەی با بمرم دەیبینم بە برینی دەخەنجەرێ

تۆخوا کەی بڵێنەوە بە حەکیمان، بە عەتاران

ئەگەر زەفەرێکی پێ نابەن چتاقیان، دەستی نەکەنێ

بۆ خۆم ئەوڕۆ دەرمانێکی بۆ دەگرمەوە لە هێلێ، لە دارچینێ، لە قەنەفلێ،لە ژەنگی دەگوارێ،

بە دەستی بەدەسنوێژ، بە بیسمیللای بیسمیللایی لە دەستاڕی دەدەمەوە بە ئارەقی قوڵکی بەر گەردەنێ دەیهاوێمەوە سەر برینی سواری

نەبادا لە ڕۆژی جەنگێدا لە من ماڵوێران دێنێتەوە تەشەنێ...

**بەیتبێژ بە زەوق و تەبعێکی ناسکەوە، ناسک خەیاڵی گەیاندۆتە ترۆپکی خۆی و دەڵێ:**

ئەگەر بەخێربێیەوە لەوێ سەفەرێ،

ئەمن سینگی خۆمت بۆ دەکەمەوە بە گەرمێنی گەرمەسێری،

بە باغی دەسەفایە، بە حوجرەکەی خاسەڕان وەک مەلای دوازدە عیلم لەوێدا بکەوە موتاڵایە،

هەی سوار، وەرە سوار لە من بەتەنێ (میکائیلی: ٢٠٢٢).

### ٢-٣-٢ ئافرەت وەک بەشداربوی ناو کۆمەڵگای بەیتەکان

ئافرەت لێرەدا ڕۆڵی جۆراوجۆری هەیە وەک خزمەتکار، بەربوک، بوک، یاریدەدر، سوارچاک و ئازا و بەشداربوی کۆمەڵگای بەیتەکان دەردەکەون. بەڵام ناسراو و دیاریکراو نین، وەک کەسایەتی ناویان دیار نییە و نەناسرێنەوە. بۆ نمونە لە بەیتی (دمدم) ئافرەتان ئەو قارەمان و ژن و کچە ئازایانەن، کە لەسەر قەڵاوە خۆیان فڕێدەدەنە خوارەوە. هەتاوەکو نەکەونە بەر چنگ و دەستی نامرۆڤانەی دوژمنەکانیان. بەڵام نەناسرێن و نازانرێت کێن و ناویان چییە و چ کارە بون.

(وەلیانی) لەو بارەیەوە دەڵێت: لەو بەیتەدا بەیتبێژ لە دوای داکوژانی ئاگری کارەسات، کوڵ دەیگرێ و دەبارێنێ، خانمەکان دەکاتە پۆلە کۆترێک، بەڵکو تۆوی ئەم خەبات و خۆڕاگرییە لە شوێنێکی تر بگورێ و بەدڵنیایی لە بەهەشتی بەرین پێکیان شاد دەکاتەوە (وەلیانی،٢٠٠٤: ١١١).

لەو باسەدا نمونەیەکی تر بەیتی (قەر و گوڵەزەر)ە کە ئافرەت وەک یاریدەدەری خاتو (گوڵەزەر) دەردەکەوێت و چەند ئەرک و کارێکی ڕاسپێردراوی خاتونی خۆی جێبەجێدەکات.

### ٣-٣-٢ ئافرەت وەک داهێنەر و دروستکەری بەیتەکان

لە بەیتەکاندا ئەوە بەدیدەکرێت کە ئافرەت داهێنەرو دروستکەری بەیتەکان بوبێت. بۆ نمونە لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ). دو خوشکی ئەو دو میرە کوردە بەیتەکە دروست دەکەن کە ناویان (خاتو ئەستی و خاتو بەغدانێ)ە. بەتایبەت (خاتو ئەستی) ڕۆڵی گەورە دەبێنێت لە دروستکردنی بەیتەکەو گێڕانەوەی چیرۆکە تراژیدیەکەی کوژرانی براکانی. کە دەڵێ:

ئەی کاکینە ڕۆ هۆی هۆی هۆ

هەی بابینە ڕۆ چۆڕی دەرک و دیوانم کاکە میر و کاکە شێخ ڕۆ.

ئەستی بانگ دێڵێ وەرە بەغدانێ

خوشکی قەلەندەرێ، سەر شینێ، مل بە کوێنێ و بابان وێرانێ.... (فەقیەزادە، ٢٠٢٠: ١٩٣).

بەهەمان شێوە بەیتی (سوارۆ) ئافرەت داهێنەریەتی.

لە بەیتی (کانەبی) شینی ژنی کانەبی بۆ مێردەکەی بە دیدەکرێت (مەحمودزادە، ٢٠٠٣: ٨٨).

توێژەر سەرنجی ئەوەی داوە لە ناوەڕۆکی بەیتەکاندا ئافرەت ڕۆڵێکی بەرچاو لە (شین و شینگێڕی)دا دەبینێت. بە تایبەت ئەو بەیتانەی ڕوداوەکانیان دوای هاتنی ئاینی ئیسلامە. وەک بەیتەکانی (کانەبی، کاکە میر و کاکە شێخ، شۆڕ مەحمود و مەرزینگان، سوارۆ، مەم و زین، لاس و خەزاڵ، ئەسمەر و مامەر....هتد) نمونەی ئەو جۆرە شین و شینگێڕییەن.

### ٤-٣-٢ ئافرەت وەک بەیتبێژ

بەپێی گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ناو بەیتەکان بێت، چەندین ئافرەتی بەیتبێژ ناویان دێت. بۆ نمونە لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) دو خوشک بەیتبێژ و گێڕەڕەون. کە (خاتو ئەستی و خاتو بەغدانێ) کە جوتە خوشکی (کاکە میر و کاکە شێخ)ن.

(سەڵاحی خزری) دەڵێت: (کاکە میر و کاکە شێخ) هەم بەیتێکی تراژیدیی و شینگێڕییە، هەم بەیتێکی مێژوییە. لە زمانی خوشکەکانی شینگێڕی بۆ براکانیان دەکەن و کراونەتە بەیت (خزری، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤).

لە (بەیتی سوارۆ)دا بەیتبێژێکی کچ هەیە باسی سوارۆیەکەی خۆی دەکات و بەیتەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام ناسراو نییە، کە کێیە و ناوی چییە. بەناوی خواستراوەوە خۆی ناساندوە بەناوی (کیژ دەڵێ) بۆ نمونە (کاوە فەقیەزادە) لە کۆپلەیەکی بەیتەکەدا بەو جۆرە دەقی بەیتەکەی نوسیوەتەوە:

هەی سوار، وەرە سوار، لە من بە تەنێ.

ئۆ هۆ هۆ هۆ هۆ هۆی ئەوە کیژ دەڵێ سوار ئەگە دەچێوە سەفەرێ

ئەوەت وەسیەت بێ لەسەر دەستی من

ئەسپێکە خۆت باژوێ لە کەناری دە ڕێگایێ

ڕەبی سوارە بە دور بی لە ئەسپی ئەجەلێ.... (فەقیە زادە، ٢٠٢٠: ٢٠٣).

لەم باسەدا سەرنج و تێڕامانی توێژەر بەم جۆرەیە:

- ئەو بەیتانەی لەبەردەستدان و مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دوای هاتنی ئاینی ئیسلام و ئافرەتان ڕۆڵی تێدا دەبینن. بەشێکی بەرچاویان (ناوی خواستراو)یان بۆ بەکارهێناوە. وەک (کیژ، کچەتیم، نازدار....هتد). بەلای توێژەرەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەتان توشی سزای کۆمەڵایەتی و ئاینی نەبن.

- ڕاستە هیچ بەیتێکی تۆمارکراو لەبەردەستدا نییە، کە وەک بەڵگە سودیان لێوەربگرین. بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێت، کە ئافرەتی بەیتبێژ لەناو کورددا هەبوبن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ناوێک بەرچاودەکەون و مێژو باسیان دەکات کە ئەوانە بەیتبێژبوبن، وەک (نەکیسا، بارباد، مەنیج حەیران، زولە چاوەش، ئەستی و بەغدانێ، کیژە نەناسراوەکەی بەیتی سوارۆ...هتد).

## بەشی سێیەم

## شیکردنەوەی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)

**بەیتبێژ: حەمەدی ئاغای[12]**

**نوسینەوەی نۆتە (نۆتەیشن): کاوە فەقیەزادە[13]**

**کۆی ماوەی بێژتن: ١٤،٤٧،٥١٠ خولەک**

**جۆری تۆمارکردن: دانیشتنی ماڵان، کەرەستە و ئامێری تۆمارکردنی سادەی ماڵان.**

**بەشداری ژەنین: قالە مەڕە[14]، بە ژەنینی شمشاڵ بەشداری بەیتەکە دەکات.**

**ماوەی شیکاری بۆکراو: ٤٥،٧١٥ چرکە**

**جۆری ڕیتم: ڕیتم سەربەست.**




**نمونەی ژ (٣-١) نۆتەی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)**

## ٣-١ دەق هۆنراوەی بەیت (Text)

✓ **دەق هۆنراوەی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)**

های های های های

ئەوڕۆ ئەوە سەرم دێشێ، دەڵێ من غەریب و غەریبە ماڵێ دەکاتەوە ژانێ

ئەی کاکینە ڕۆ هۆی هۆی هۆ

هەی بابینە ڕۆ چۆپی دەرک و دیوانانم کاکە میر و کاکە شێخ ڕۆ.

✓ **شیکاری هۆنراوە لە ڕوی کێش و سەرواوە**

بەیتبێژ لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) (کێشی ئازاد)ی بەکارهێناوە، بە هیچ جۆرە کێشێکی دیاریکراوەوە پابەند نییە. دەقەکانی لە قاڵبێکی کێش و سەروادا دانەڕشتوە. بۆیە ناتوانین بە وردی کێشی دەقەکەی دیاری بکەین.

لە ڕوانگەی ئەو تێکستەی شیکردنەوەمان بۆ کردوە بە درێژایی بەیتەکە لەهەندێک شوێندا بەیتبێژ بۆ دروستکردنی ئاواز و موزیک هەوڵیداوە پابەندی (سەروا) بێت. بەڵام ئەو سەروایە تاکۆتایی بەیتەکە نەیتوانیوە بەردەوام بێت. لە هەندێک شوێن لە درێژەی گێڕانەوەکاندا لادانێک دەبینرێت. هەوڵیداوە کۆتا دەنگی هەر دێرێک وەک یەک لێبکات، بۆ دروستکردنی ئاوازێکی تایبەت.

لە هەمبەر کێش و سەرواوە، کێشی بەیتەکە کێشێکی ئازادە، سەروای بەیتەکەش سەروایەکی ئازادە[15](حسێن، چاوپێکەوتن:٢٠٢٥).

✓ **بڕگەکردنی دەق و شیکاری نێوان نۆتە و بڕگەکان، خستنەڕوی ڕێژەکانیان**

**- بڕگە بەرامبەر نۆتە.**

**- برگەی فرە نۆتە: ا- لە دەنگی جیاواز ب- لەهەمان دەنگ**

**- نۆتەی فرە برگە -فرە برگە بەرامبەر فرە نۆتە لەهەمان دەنگ**

لە خشتەی ژ (٣-١) بەیتەکە برگە کراوە، لە ڕوی کێش و سەرواوە، هەر دێڕەی سەربەخۆیی خۆی هەیە و پەیوەست نییە بەدێری دواترەوە.

نمونەکە پێکهاتوە لە (٥٨) برگە لە کۆی (٤) دێر، کە درێژترین دێڕ، دێڕی ژمارە (٢) کە پێکهاتوە لە (٢٥) برگە.

## خشتەی ژ(٣-١) برگەکردنی دەقی بەیت و دیاریکردنی ئەو برگانەی لە میلۆدیدا فرە نۆتە وەردەگرن

| ژ.برگەکان / ژ.دێڕەکان | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ | ١٦ | ١٧ | ١٨ | ١٩ | ٢٠ | ٢١ | ٢٢ | ٢٣ | ٢٤ | ٢٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەیت | های | های | های | های | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | ئەو | ڕۆ | ئە | وە | سە | رم | دێ | شێ | دە | لێ | من | غە | ری | بو | غە | ری | بە | ما | لێ | دە | کا | تە | وە | ژا | نێ |
| | ئەی | کا | کی | نە | ڕۆ | هۆی | هۆی | هۆی | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | هەی | با | بی | نە | ڕۆ | چۆ | پی | دەر | کو | دی | وا | نا | نم | کا | کە | می | رو | کا | کە | شێخ | ڕۆ | | | | |

**تێبینی:**

- ❖ ئەو پیت و برگانەی لە خشتەکەدا بە ڕەنگی سور دیاری کراون، ئەو پیت و برگانەن لە نوسینەوەی نۆتەکاندا فرە نۆتەیان لەبەرامبەردا بۆ دانراوە، واتە لە نۆتەیەک زیاتر وەردەگرن.
- ❖ ئەو پیت و برگانەی کە بە ڕەنگی مۆر دیاریکراون، ئەو پیت و برگانەن کە تەنها ئۆرنەمێنت وەردەگرن.

**– برگە بەرامبەر نۆتە**

هەر برگەیەک بەرامبەر یەک نۆتەیە. وەک نمونەی ژ(٣-١)-ا.



نمونەی ژ(٣-١)-ا

**– برگەی فرە نۆتە:**

**ا- لە دەنگی جیاواز:** هەر برگەیەک بەرامبەر چەند نۆتەیەکە، لە دەنگی جیاواز، وەک نمونەی ژ(٣-١)-ب.



**نمونەی ژ(٣-١) -ب**

**ب- لە هەمان دەنگ:** بەرێژەیەکی کەم لەو نمونەیەدا برگەی فرە نۆتە لەهەمان دەنگ بەدەردەکەون، وەک نمونەی ژ(٣-١)پ.



**نمونەی ژ (٣-١)-پ**

### - نۆتەی فرە بڕگە

لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا ئەوە نابینرێت کە یەک نۆتە، بەرامبەر چەند بڕگەیەک بێت.

### - فرە بڕگە بەرامبەر فرە نۆتە لەهەمان دەنگ

کۆمەڵێک بڕگەن، کە هەر بڕگەیەک بەرامبەر یەک نۆتەیە و هەمان چینی دەنگیيان هەیە. وەک نمونەی ژ(٣-١)- ت.



**نمونەی ژ(٣-١)-ت**

### ✓ دابەشبونی بڕگەکان بەسەر نۆتەکاندا:

**بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) (کێش سەربەست)**

لەو بەیتەدا(١٧ بڕگە) لەبەرامبەر چەند نۆتەیەکن و فرە نۆتەیان بۆ دانراوە. ئەمەش بەدیدەکرێت کە لە یەک بڕگەدا تەنانەت پیتەکانیش فرە نۆتە وەردەگرن. بەم شێوەیە:

**ڕستەی یەکەم:**

- های_ ئەو بڕگەیە چوار جار لەسەرەتای بەیتەکەدا دوبارە دەبێتەوە، هەر جارەی بە جۆریک بەرگوێ دەکەوێت. وەک:

های_ لە ڕستەی یەکەم بۆ جاری دوەم.

ها- چەند نۆتەیەک وەردەگرێت لە (دەنگی جیاواز، هەمان دەنگ) کە کۆی (٩) نۆتەیە، (٦ نۆتە) لە دەنگی جیاوازە، (٣نۆتە) لە هەمان دەنگە.

ی – (٤نۆتە)ی جیاواز وەردەگرێت کە دو دەنگ، دەنگی سەرەکیین، دو دەنگیش لە ڕێگەی (ئەپۆجەتورەی دو دەنگی)ەوەیە. وەک نمونەی ژ(٣-١)-ج.



نمونەی ژ (٣-١)-ج

تێبینی: لەباسی (ئۆرنەمێنتەکان) ئۆرنەمێنتی (تکیە، ئەپۆجەتورە، ئەچاکەتورە) ڕاڤەکراون.

- های - لەهەمان ڕستەدا بۆ جاری سێیەم بڕگەی (های) دوبارە دەبێتەوە.

ها- چەند نۆتەیەک وەردەگرێت لە (دەنگی جیاواز، هەمان دەنگ) کە کۆی (٩) نۆتەیە، (٦ نۆتە) لە دەنگی جیاوازە، (٣نۆتە) لە هەمان دەنگە. نۆتەی حەوتەمی (ئۆرنەمێنتی تکیە)ی لەسەرە.

ی – (٣نۆتە)ی جیاواز وەردەگرێت، نۆتەی دوەم (ئۆرنەمێنتی تکیە)ی لەسەرە.. وەک نمونەی ژ(٣-١)-چ.



نمونەی ژ(٣-١)-چ

- های - لەهەمان ڕستەدا بۆ جاری چوارەم دوبارە دەبێتەوە.

ها- چەند نۆتەیەک وەردەگرێت لە (دەنگی جیاواز، هەمان دەنگ)کە کۆی (٧) نۆتەیە. (٤ نۆتە) لە دەنگی جیاوازە، (٣نۆتە) لە هەمان دەنگە. نۆتەی پێنجەمی (ئۆرنەمێنتی تکیە)ی لەسەرە.

ی – (٣نۆتە)ی جیاواز وەردەگرێت، نۆتەی یەکەم و دوەم لە ڕێگەی (ئەپۆجەتورەی دو دەنگی) یەوەیە. وەک نمونەی ژ (٣-١)-ح.




نمونەی ژ(٣-١)-ح

**ڕستەی دوەم:**

- لێ _ (٥ نۆتە) وەردەگرێت، لە پۆلێنی بڕگە بەرامبەر فرە نۆتەیە. لە دو جۆردایە (هەمان دەنگ، دەنگی جیاواز). و (ئۆرنەمێنتی تکیە) لە هەردو نۆتەی (٢،٤) وەردەگرێت. وەک نمونەی ژ(٣-١)-خ.




نمونەی ژ(٣-١)-خ

- ری _ دەکەوێتە ناوەڕاستی میلۆدی دوەم (٢ نۆتە) وەردەگرێت، و (ئۆرنەمێنتی تکیە) لە سەرەتای نۆتەی بڕگەکە وەردەگرێت. لە پۆلێنی بڕگە بەرامبەر فرە نۆتەیە لە هەمان دەنگ. وەک نمونەی ژ(٣-١)-د.




نمونەی ژ (٣-١)-د

- ما- (٨ نۆتە) وەردەگرێت، لە هەردو جۆری (دەنگی جیاواز، هەمان دەنگ)، لە نۆتەکانی (٥،٧) (ئۆرنەمێنتی تکیە) وەردەگرێت.وەک نمونەی ژ(٣-١)-ر.




نمونەی ژ(٣-١)-ر

- کا - (٦ نۆتە) وەردەگرێت، لە هەردو جۆری (دەنگی جیاواز، هەمان دەنگ)، لە نۆتەی (٥) (ئۆرنەمێنتی تکیە) وەردەگرێت.وەک نمونەی ژ(٣-١)-ڕ.




نمونەی ژ(٣-١)-ڕ

- ژا - (٧ نۆتە) وەردەگرێت، لە هەردو جۆری (دەنگی جیاواز، هەمان دەنگ). لە نۆتەی (٥) (ئۆرنەمێنتی تکیە) وەردەگرێت. وەک نمونەی ژ(٣-١)-ز.




نمونەی ژ(٣-١)-ز

**ڕستەی سێیەم:**

- کا - (٤ نۆتە) وەردەگرێت، نۆتەی (٢+٣) لە ڕێگەی (ئاپاچیاتۆرای دو دەنگی)یە. وەک نمونەی ژ(٣-١)-ژ.



نمونەی ژ(٣-١)-ژ

- ڕۆ – (٤ نۆتە) جۆری فرە نۆتەی دەنگی جیاواز وەردەگرێت. وەک نمونەی ژ(٣-١)-س.



نمونەی ژ(٣-١)-س

- هۆی – لە دو بەش پێکهاتوە، (٧نۆتە) پێکدێن، بەم شێوەیە:

هۆ -(٣ نۆتە) لە جۆری فرە نۆتەی هەمان چینە دەنگی وەردەگرێت. لە نۆتەی یەکەم (ئۆرنەمێنتی تکیە) وەردەگرێت.

ی – لە (٤ نۆتە) پێکدێت، نۆتەکانی (٢+٣) لە شێوەی (ئەپۆجەتورەی دو دەنگی) بەرگوێ دەکەون. وەک نمونەی ژ(٣-١)-ش.



نمونەی ژ(٣-١)-ش

- هۆی – لە دو بەش پێکهاتوە، (٩نۆتە) پێکدێن، بەم شێوەیە:

هۆ -(٥ نۆتە) لە جۆری (فرە نۆتەی هەمان چینە دەنگی، فرە نۆتەی دەنگی جیاواز) وەردەگرێت. لە نۆتەی سێیەم (ئۆرنەمێنتی تکیە) وەردەگرێت.

ی – لە (٤ نۆتە) پێکدێت، نۆتەکانی (٢+٣) لە شێوەی ئۆرنەمێنتی (ئەپۆجەتورەی دو دەنگی) بەرگوێ دەکەون. وەک نمونەی ژ(٣-١)-ع.



نمونەی ژ(٣-١)-ع

- هۆی – لە دو بەش پێکهاتوە، کۆی (٦نۆتە) پێکدێن، بەو شێوەیە:

هۆ -(٤ نۆتە) لە جۆرەکانی (فرە نۆتەی هەمان چینە دەنگی، فرە نۆتەی دەنگی جیاواز) وەردەگرێت. لە نۆتەی سێیەم (ئۆرنەمێنتی تکیە) وەردەگرێت.

ی – لە (٢ نۆتە) پێکدێت، نۆتەی یەکەم لە شێوەی ئۆرنەمێنتی (ئەچاکەتورە) بەرگوێدەکەون. وەک نمونەی ژ (٣-١)-غ.



نمونەی ژ(٣-١)-غ

➢ کا – (١٠ نۆتە) لە جۆرەکانی (فرە نۆتەی هەمان چینە دەنگی، فرە نۆتەی دەنگی جیاواز) وەردەگرێت، (نۆتەی ٥) ئۆرنەمێنتی (تکیە)ی لەسەر دانراوە، نۆتەکانی (٨+٩) لە شێوەی ئۆرنەمێنتی (ئەپۆجەتورەی دو دەنگی) دانراوە، ئەو برگەیە لەو نمونەی بەیتەدا زۆرترین فرە نۆتەی تێدایە، وەک نمونەی ژ(٣-١)-ف.



نمونەی ژ(٣-١)-ف

بەپێی ئەم پۆلێنکردنەی سەرەوە بێت لە بەیتەکەدا بە ڕێژەی (٧٠،٦٨٪) لە جۆری (Syllabic)[16] دایە، واتە (برگە بەرامبەر نۆتە)یە، بەرێژەی (٢٩،٣٢٪) لەجۆری (Melismatic)[17] ە، واتە (برگە بەرامبەر فرە نۆتە) یە، لە هەردو جۆرەکەیدایە (فرە نۆتەی هەمان دەنگ، فرە نۆتەی دەنگی جیاواز).

✓ **پوختەی ناوەرۆکی بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ**

ئەو بەیتە باس لە دو برا دەکات، کە میر و دەسەڵاتداری مەرگە و پشدەر بون، کە (کاکە میر و کاکە شێخ)ن. ئەو ڕوداوە لە ساڵەکانی ( ١٥٣٤ز) ڕویداوە (بەدلیسی، ١٩٨١: ٥٢٣). هەیدەر گۆران ناوێک بۆ پلان و پیلاندانانی کوشتنیان دێتە مەرگە، وەک لێقەوماو خۆی نیشان دەدات. هەیدەر نێردراوی دوژمنانی کورد دەبێت، لەمەرگە دەستەیەکی خۆفرۆش بە زەبری پارە و پول دروست دەکات. بۆ کوشتنی (کاکە میر و کاکە شێخ) و براکانیان کە دوانزە برا دەبن.

بە بەرنامە هەر دوانزە براکان بانگهێشت دەکرێن بۆ نانی نیوەڕۆ لەماڵی هەیدەر گۆران، لەنێوان هەر برایەکدا پیاوکوژێک دادەنیشێت، لەکاتی بسمیلای دەستپێکردنی نان خواردن، هەر دوانزە براکان بە خەنجەر دەکوژن.

ئەو بەیتە بەهۆی ئەوەی لەدەمی ژنەوە وەرگیراوە گرنگی خۆی بۆ مێژوی گۆرانی و موزیکی کوردی هەیە. چیرۆکی تریش لەو بارەیەوە هەیە وەک: گوایە لە کاتی ڕاوکردن بە پلان (کاکەمیر و کاکە شێخ) لە کاتی نوێژکردندا دەکوژرێن و دواتر برایەکی تریشیان دەکوژرێت.

چیرۆکێکی تریش هەیە کە گوایە ئەو دو میرە زاڵم بون، دەستدرێژییان کردۆتە سەر خێزانی مەیتەر و خزمەتکارەکانیان و ئەوانیش بە بەرنامە وەک تۆڵەکردنەوە میرەکانی خۆیان کوشتوە.

## ٣-٢ چڕین لە پێرفۆڕمەنسی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)

### ٣-٢-١ ئۆرنەمێنت (Ornaments)[18] (نەخشاندن)

- ئەچاکەتورە Acciaccatura[19]

یەکێکە لەو ئۆرنەمێنتانەی (Ornaments) (نەخشاندن) کە لەناو (بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ)دا (١جار) دەردەکەوێت و ئەرکی پێسپێردراوە. ئەوەش لەبەردەم ئەو نۆتەیە دانراوە، کە برگەکەی لە حاڵەتی درێژکردنەوەدایە، کە پیتی (ی)ە. شێوەی ئۆرنەمێنتەکە لە نمونەی ژ (٣-٢-١)-ا ڕونکراوەتەوە.



نمونەی ژ(٣-٢-١)-ا

## • ئەپۆجەتورە[20] Appoggiatura




یەکێکە لەو ئۆرنەمێنتانەی (Ornaments) (نەخشاندن) کە لەناو (بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ)دا (٩جار) دەردەکەوێت و ئەرکی پێسپێردراوە. ئەوەش لەبەردەم ئەو نۆتانە دانراوە کە برگەکانیان لە حاڵەتی درێژکردنەوە دان. شێوەی ئۆرنەمێنتەکە لە نمونەی ژ (٣-٢-١)-ب ڕونکراوەتەوە.



نمونەی ژ(٣-٢-١)-ب

**تێبینی:** ئەو ئۆرنەمێنتە بە دو جۆر دەردەکەوێت، جۆری یەکەم تەنها یەک نۆتەی بچوکترە لە نۆتە سەرەکییەکە کە (ئەپۆچیانۆرای یەک دەنگی)ە، جۆری دوەم دو نۆتەی بچوکترن لە نۆتە سەرەکیەکە کە (ئەپۆچیاتۆرای دو دەنگی)ە. لە بەیتەکاندا زیاتر جۆری دوەمیان دەردەکەون.

لە خشتەی ژ (٣-٢) شێوەی ئۆرنەمێنتەکان لەبەرامبەر برگەکان لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) ڕونکراوەتەوە، بەم شێوەیە:

| ژ. دێری شیعری | ژ. ڕستەی موزیکی | برگە | جۆری ئۆرنەمینت | شێوەی ئۆرنەمێنت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | های | ئەپۆجەتورەی دو دەنگی |  |
| ١ | ١ | های | ئەپۆجەتورەی دو دەنگی |  |
| ١ | ١ | های | ئەپۆجەتورەی دو دەنگی |  |
| ٢ | ٢ | نێ | ئەپۆجەتورەی دو دەنگی |  |
| ٣ | ٣ | کا | ئەپۆجەتورەی دو دەنگی |  |
| ٣ | ٣ | هۆی | ئەپۆجەتورەی دو دەنگی |  |
| ٣ | ٣ | هۆی | ئەپۆجەتورەی دو دەنگی |  |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٣ | هۆی | ئەکساکیاتۆرا |  |
| ٤ | ٣ | ڕۆ | ئەپۆجەتورەی دو دەنگی |  |
| ٤ | ٣ | کا | ئەپۆجەتورەی دو دەنگی |  |

خشتەی ژ (٣-٢)

- **تکیە[21] (tkiea)**


لەناو بەیتەکاندا ئەو جۆرە ئۆرنەمێنتە بەشێوەیەکی زۆرو بەرچاو بەدیدەکرێت. کە خاوەنداریێتی ڕۆحیەت و دەربڕینێکی جیاوازو تایبەت بە خۆی دەکات. وەک نمونەی ژ(٣-٢-١)-پ.




نمونەی ژ(٣-٢-١)-پ

**(لە بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ)دا ئۆرنەمێنتی (تکیە) (١٩جار) بەدەردەکەوێت، وەک نمونەی ژ (٣-٢-١)-ت**





**نمونەی ژ (٣-٢-١)-ت**

- **ڤیبراتۆ (Vibrato)[22]**

یەکێکە لەو (ئۆرنەمێنتانەی)(Ornaments) (نەخشاندن) کە لەناو (بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ)دا بەشێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت و ئەرکی پێسپێردراوە. ئەوەش لەکاتی ئەو نۆتانەدا دانراوە، کە بڕگەکانیان درێژدەکرێنەوە. شێوەی ئۆرنەمێنتەکە لە نمونەی ژ(٣-٢-١)-ج ڕونکراوەتەوە.



نمونەی ژ(٣-٢-١)-ج

**تێبینی:** نوسەری نۆتەکان گرنگی بە دەستنیشانکردنی ڤیبراتۆییەکان نەداوە، لەبەر پێویستی توێژینەوەکە توێژەر دەستنیشانی ئەو جۆرە ئۆرنەمێنتەی کردوە.

ژمارەی لەرینەوەی دەنگیی لەسەر ئەو پیتانەی کە زۆرترین لەرینەوەی (Vibration)ی لەسەر کراوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

**ڕستەی یەکەمی بەیت**

1 - های: ها/ (٨) لەرینەوەی لەسەر هەیە، کە دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی موزیکی یەکەم.
ی/ (٦) لەرینەوەی لەسەر هەیە.

2 - های: ها/ (١٠) لەرینەوەی لەسەر هەیە.
ی/ (٧) لەرینەوەی لەسەر هەیە.

3 - های: ها/ (٨) لەرینەوی لەسەر هەیە، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕستەی موزیکی یەکەم.
ی/ (٧) لەرینەوی لەسەر هەیە.

4 - های: ها/ (٨) لەرینەوی لەسەر هەیە، کە دەکەوێتە کۆتایی ڕستەی موزیکی یەکەم.
ی/ (٤) لەرینەوی لەسەر هەیە.

**ڕستەی دوەمی بەیت**

1 - یێ: (٦) لەرینەوە لەسەر ئەو بڕگەیە هەیە، کە دەکەوێتە کۆتایی ڕستەی موزیکی دوەم.

ڕستەی سێیەمی بەیت:

1 - کا: (١٠) لەرینەوە لەسەر ئەو بڕگەیە هەیە، دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی سێیەمی موزیکی بەیت.

2 - هۆی: هۆ/(٧) لەرینەوەی لەسەر هەیە.
ی/ (٧) لەرینەوەی لەسەر هەیە.

3 - هۆی: هۆ(٦) لەرینەوەی لەسەر هەیە.
ی/ (٦) لەرینەوەی لەسەر هەیە.

4 - هۆی: ی / (٣) لەرینەوەی لەسەر هەیە.

5 - کا: ا/(٩) لەرینەوەی لەسەر هەیە.

6 - ڕۆ: (٦) لەرینەوە لەسەر ئەو بڕگەیە هەیە کە دەکەوێتە کۆتایی ڕستەی سێیەم.

بەپێی ئەو پۆلێن کردنەی سەرەوە بێت. لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) زیاتر لە (١١٨) لەرینەوە لە دەنگی بەیتبێژدا بەرگوێ دەکەوێت.

**لە نمونەی ژ(٣-٢-١)-ج ئەو ڤیبراتۆیانە دەستنیشانکراون کە لەبەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) بەدیدەکرێن.**








نمونەی ژ (٣-٢-١)-چ

### ٣-٢-٢ داینامیک Dynamics[23]

زۆر هێما و نیشانە دەگرێتەوە بۆ گۆڕینی ڕێژەی هێزی دەنگ، ئەمانە بەشێکن لە داینامیک (دیمینوێندۆ، گریشاندۆ، فۆرتێ، پیانۆ ....هتد)، ئەمانەی خوارەوە ئەو داینامیکانەن کە لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا دەردەکەون:

- **دیمینوێندۆ[24] Diminuendo، دێکرێشێندۆ Decrescendo**

لە نمونەی ژ (٣-٢-٢) دا شێوەی داینامیکی دیمینوێندۆ ڕونکراوەتەوە.



نمونەی ژ(٣-٢-٢)

داینامیکی دیمینوێندۆ لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) دا لەو شوێنانە بەکاردێت کە دەنگ و بڕگەکانیان (ڤیبراتۆ)یان هەیە و درێژدەکرێنەوە، بەیتبێژ بەشێوەیەکی جوان، بڕگە و تۆنە درێژ کراوەکە پلەبەپلە کپ دەکات و ونیدەکات.


تێبینی: ئەگەرچی نوسەری نۆتەکان گرنگی بە داینامیکی (دیمینوێندۆ) نەداوە و دەستنیشانی نەکردون، بەڵام توێژەر بەلایەوە پەسەندبو دەستیشانیان بکات و دیارییان بکات. وەک نمونەی سەرەوە ژ(٣-٢-١)-د، تەواوی هێمایەکانی دیمینوێندۆی سەر بەیتەکە دیاریکراون.

## ٣-٢-٣ ئارتیکولەیشن[25] Articulation

زۆر هێماو نیشانە دەگرێتەوە بۆ دەربڕین و بەجێهێنانی موزیک ئەمانە بەشێکن لە (ئارتیکۆلەیشن)ەکان: (ستەکاتۆ، لێگاتۆ، پۆرتاتۆ، ئەکسەنت، فێرماتا، مەرتێلێ). بەشێک لەو ئارتیکۆلەیشنانە لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا دەردەکەون. وەک:

### ✓ کەوانی لکان[26] Tie or Bind

لە نمونەی ژ(٣-٢-٣)-ا، شێوەی کەوانی لکان خراوەتەڕو.



نمونەی ژ(٣-٢-٣)-ا

لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) (٦ جار کەوانی لکان) بە دیدەکرێت:

- ✓ ڕستەی یەکەم: (٣جار).
- ✓ ڕستەی دوەم: (١جار).
- ✓ ڕستەی سێیەم:(٢جار).

لە نمونەی ژ (٣-٢-٣)-ب تەوای کەوانی لکان بە ڕەنگی سەوز دیاریکراون.








نمونەی ژ (٣-٢-٣)-ب

- **لێگاتۆ، کەوانی بەستن Slur[27]**

له نمونەی ژ (٣-٢-٣)-پ شێوەکەی دەرکەوتوە.



نمونەی ژ (٣-٢-٣)-پ

له بەیتی (کاکه میر و کاکه شێخ)دا (١١لێگاتۆ) به دیدەکرێت:

- ✓ ڕستەی یەکەم: (٥) دانه.
- ✓ ڕستەی دوەم: (٤) دانه.
- ✓ ڕستەی سێیەم : (٢) دانه.

له نمونەی سەرەوە ژ(٣-٢-٣)-ب تەواوی لێگاتۆکان به ڕەنگی سور دیاریکراون.

## ٣-٢-٤ شێواز و پێوانی هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوە

لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا، هەناسەکان هەناسەی قوڵن، لە ڕێگای (دەم) وەردەگیرێت، نەک لە ڕێگای (لوت). لەو خشتانەدا کاتی خایاندنی هەناسەکان ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی ژ (٣-٢-٤)-ا خشتەی خایاندنی هەناسەوەرگرتن لە بەشی یەکەمی بەیتی (کاکە میر و کاکەشیخ)**

| پێوانی هەناسە | دەستپێکی بەیت | کۆتایی ڕستەی ١ بە چرکە | کۆتایی ڕستەی ٢ بە چرکە | سەرەتای ڕستەی ٣ بە چرکە | ناوەڕاستی ڕستەی ٣ بە چرکە | کۆتایی ڕستەی ٣ بە چرکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خایاندنی هەناسە | ٠،٩٥٧ | ٠،٩٠٥ لە کاتی (پشوی کرۆش) | ٠،٧٠٨ لەکاتی(پشوی کرۆش) | ٠،٨٤٢ | ٠،٤٠٠ | ئاشکرا نیە تێکەڵی شمشاڵەکەی قالە مەڕە دەبێت |

**خشتەی ژ (٣-٢-٤)-ا**

**خشتەی ژ (٣-٢-٤)- ب خشتەی خایاندنی هەناسەدانەوە واتە (گوتنی بەیت) لە بەشی یەکەمی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا.**

| پێوانی هەناسە | ڕستەی ١ بە چرکە | ڕستەی ٢ بە چرکە | ڕستەی ٣ بە چرکە |
|---|---|---|---|
| خایاندنی هەناسە | ١٢،٤٥٨ | ١٣،٥٢٥ | ١٥،٩٢٠ |

**خشتەی ژ (٣-٢-٤)- ب**

## ٣-٣ کێش و خێرایی Time signature and Tempo

- **کێش[28] Time signature**

بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) لە جۆری(ڕیتمی سەربەست) پێکهاتوە.


- **خێرایی (Time) Tempo[29]**

بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) خێراییە ناوەکیەکەی بە پێی پێوەری (میترۆنۆم)[30] پێکهاتوە لە (❑ = 63).

تێبینی: نوسەری نۆتەکان ئەو خێراییەی دیارینەکردوە، لەبەر پێویستی بابەتەکە توێژەر دیاریکردوە.

- **ڕیتمی لۆکاڵ (ناوەوە) Local Rhythm**

لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) شێوەی ڕیتمی ناوەوە بەو جۆرەیە کە لە خشتەی ژ (٣-٣) دیاریکراون.

| ژ.ڕستە | شێوەی ڕیتمی ناوە |
|---|---|
| ڕستەی ١ |  |
| ڕستەی ٢ |  |
| ڕستەی ٣ |  |

خشتەی ژ (٣-٣)-ا

- **شێوە ڕیتمیەکانی نۆتەی موزیکی Rhythmic Forms of Musical Note**

لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا بە نمونەی ژ(٣-٣)، تەواوی شێوە ڕیتمی نۆتەی موزیکی بەیتەکە خراوەتەڕو:




نمونەی ژ(٣-٣)

## ٣-٤ بنیادی میلۆدی لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا

- **پێکهاتەی مۆد[31] Mode (دەستنیشانکردنی ڕەگەز [32]، مەقام[33]) لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)**

بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) لەسەر مەقامی(بەیات[34]/لا) نوسراوەتەوە. مەقامی ئەو بەیتە لە سەرچوندا لە دو ڕەگەز پێکدێت.

**ڕەگەزی یەکەم:** ڕەگەزی بەیات/ لا (لا- سی نیو نزمۆک - دۆ- ڕێ).

**ڕەگەزی دوەم:** ڕەگەزی کورد/ می (می- فا- سۆڵ- لا). وەک نمونەی ژ(٣-٤)-ا.


لە خوارچوندا هیچ گۆڕانکاریەک بەسەر جۆری دەنگ و میانەکاندا نایەت و سیانی و چەند ڕەگەزێکی لاوەکی دروست دەکات. وەک:

ڕەگەزی لاوەکی یەکەم: ڕەگەزی نەهاوەند/ ڕێ (ڕێ- می- فا- صۆل).

ڕەگەزی لاوەکی دوەم: ڕەگەزی عەجەم/ دۆ (دۆ- ڕێ- می- فا).

ڕەگەزی لاوەکی سێیەم: ڕەگەزی ئەوشار/ سی نیو بیمۆڵ (سی نیوبیمۆڵ- دۆ- ڕێ- می).

سیانی لاوەکی: سیانی سێگا/ سی نیو بیمۆڵ(سی نیو بیمۆڵ- دۆ- ڕێ).




نمونەی ژ(٣-٤)-ا

### (٣-٤-١) پێکهاتەی مۆتیف (Motive) و فیگور (Figure) و کەدێنزە، کەدێنس Cadence.

- ✓ **مۆتیف[35] (Motive)**


**لە بەیتەکەدا چەند مۆتیڤێک بە دەردەکەون، وەک لە خشتەی ژ(٣-٤-١)-ا دیاری کراون.**

| مۆتیڤەکان | شێوەی مۆتیڤ | ژمارەی ترپە |
|---|---|---|
| سەرەتای ڕستەی یەکەم |  | پێنج ترپە و نیو |
| سەرتای ڕستەی دوەم |  | چوار ترپە |
| سەرەتای ڕستەی سێیەم |  | چوار ترپە |

خشتەی ژ(٣-٤-١)-ا

### ✓ فیگور[36] (Figure)

**لەو بەیتەدا چەند فیگورێک بە دەردەکەون، کە ڕستە میلۆدییەکانیان لەسەر بنیاتدەنرێت. وەک لە خشتەی ژ(٣-٤-١)-ب دیاری کراون.**

| فیگورەکان | شێوەی فیگور | ژمارەی ترپە |
|---|---|---|
| ڕستەی یەکەم |  | یانزە ترپە |
| ڕستەی دوەم |  | هەشت ترپە |
| ڕستەی سێیەم |  | چوار ترپەو سێ چارەگ |

خشتەی ژ(٣-٤-١)-ب

### • کەدێنزە، کەدێنس[37] Cadence

کادێنزای کۆتایی ڕستەکان لەسەر هەمان دەنگ کۆتاییان هاتوە، کە دەنگی (بنکە) یە. واتە دەنگی ($A^4$). بەڵام لە جۆری ترپەکاندا جیاوازییان هەیە. وەک لە خشتەی ژ (٣-٤-١)-پ دەستنیشانکراوە بەم شێوەیە:

| **شوینی کەدێنزە** | **جۆری کەدێنزەکان** | **ژمارەی ترپە** |
|---|---|---|
| **کۆتایی ڕستەی یەکەم** |  | **چوار ترپەو ٤/١ ی ترپە** |
| **کۆتایی ڕستەی دوەم** |  | **چوار ترپەو ٤/١ ی ترپە** |
| **کۆتایی ڕستەی سێیەم** |  | **پێنج ترپەو نیو** |

خشتەی ژ (٣-٤-١)-پ

## (٣-٤-٢) پێکهاتە و جۆری میانەکان Elements and types of the Intervals

لەم بڕگەیەدا توێژەر تەنیا میانەکانی ئاوازی سەرەکیی نمونەکە پێوانە دەکات، وەک ئەو خشتەیەی خوارەوە.

**خشتەی ژ(٣-٤-٢)-ا جۆری میانە دەنگییەکان لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ).**

| کۆی گشتی میانەکان | سەرچو | خوارچو | ڕێژە | هەنگاو | بازدان | ڕێژە | ئونیسۆن | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣٤ | ٤٢ | ٤٩ | ٪٣١،٣٤<br>٪٣٦،٥ | ٨٧ | ٤ | ٪٦٤،٩٢<br>٪١،٦٥ | ٤٢ | ٪٣٢،١٠ |

**خشتەی ژ(٣-٤-٢)-ا**


بەپێی ئەم خشتەیەی سەرەوە بێت خشتەی ژ**(٣-٤-٢)-ا** زۆربەی میانەکان لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا لە جۆری (هەنگاو) (Step) بە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی (٦٤،٩٣%)، لە شێوەی هاوچین (Unicion) بە پلەی دوەم دێن بە ڕێژەی (٣٢،٠٩%)، بەشێکی کەمی میانەکان لە شێوەی بازدان (Leap) بە پلەی سێیەم دێن بە ڕێژەی (٢،٩٨%).

### ٣-٥ پێوانی دەنگە ڕۆژهەڵاتییەکان لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) دا

لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) ئەو دەنگەی کە تۆن (پلە)ی دەنگی ڕۆژهەڵاتی وەردەگرێت. تەنها دەنگی (سی نیو نزمۆک) (سی نیوبیمۆڵ)ە.

لە نمونەی ژ(٣-٥) تەواوی ئەو دەنگانەی کە لەو بەیتەدا میانەی (یەک چارەگە دەنگ) (نیو نزمۆک)وەردەگرن دەستنیشانکراون. بەپێی پێوەری (سەنت)[38] (Cent) هێمایەکەی ( C.). بەرزی و نزمی سەنتەکان بە ژمارە دەستنیشان کراون.





نمونەی ژ (٣-٤-٣)

## ٣-٦ هێڵکاری موزیکی بۆ جوڵە و ڕێڕەوە میلۆدییەکان لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)

لە نەخشەی ژ (٣-٦) هێڵکاری کراوە بۆ جوڵە و ڕێڕەوی میلۆدیەکانی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ).




نەخشەی ژ (٣-٦)

## ٣-٧ دەستنیشانکردنی تۆنە (دەنگ ئاواز) سەرەکییەکان لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)

### ١-چنینی موزیکی[39] (Music Texture) لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)

ئەم بەیتە (مۆنۆفۆنی Monophonic)[40] ە، چونکە تەنها یەک هێڵی ئاوازەکە دەبیسترێت. لەکاتی بێژتنی بەیتەکەدا هیچ بەیتبێژێکی تر، یان هیچ ئامێرێکی موزیکی بەشداری و هاوشانی ناکات و نابیسترێت.

### ٢- دەنگی کارەکتەری سەرەکی (Sound) لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)

ئەو دەنگەی کە بە درێژایی بەیتەکە وەک کارەکتەرێکی سەرەکی دەردەکەوێت دەنگی ($C^4$). وەک نمونەی ژ(٣-٧)-ا.




نمونەی (٣-٧)-ا


### ٣- بواری دەنگی ئاواز Range[41] لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)

لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا بواری دەنگی ئاواز Range پێکهاتوە لە (شەش دەنگ) لە دەنگی ($G^4$) بۆ دەنگی ($E^5$)، کە میانەیەکی (شەشی گەورە) پێکدەهێنێت (6 Major). وەک نمونەی ژ(٣-٧)-ب.




نمونەی (٣-٧)-ب

واتە لە دەنگی (بنکە) ($A^4$) چوار دەنگ دەچێتە سەرەوە کە دەکاتە دەنگی ($E^5$)، هەر لە دەنگی (بنکە) یەک دەنگ دەچێتە خوارەوە کە دەکاتە دەنگی ($G^4$). وەک نمونەی ژ (٣-٧)-پ.




نمونەی ژ (٣-٧)-پ

### ٤-دەنگی سەرەتا و کۆتایی لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)

دەنگی سەرەتا لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا دەنگی چوارەمی پەیژەیەکە دەکاتە دەنگی (ژێرناوەند) (Sub dominant) (سب دۆمینانت) کە دەنگی ($D^5$)دەکات.

دەنگی کۆتایی لە بەیتەکەدا دەنگی یەکەمی پەیژەکەیە کە دەنگی (بنکە) (تۆنیک) (Tonic) دەکات، کە دەنگی ($A^4$). وەک نمونەی ژ(٣-٧)-ت.




نمونەی ژ(٣-٧)-ت

## دەرەنجام

- دەقی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) دانەرەکەی ناسراوە. کە هەردو خوشکەکانی خۆیانن (خاتو ئەستی و خاتو بەغدانێ).
- دەقی بەیتەکە پەیوەست نییە بە کێش و سەرواوە، ئەگەرچی بەیتبێژ لەهەوڵی ئەوەدایە، کە کێش و سەروا دروست بکات، بەڵام دواتر بەرەو ئازادبونی کێش و سەروا دەچێتەوە.
- ناوەڕۆکی بەیتەکە (مێژویی و کۆمەڵایەتی)یە.
- لەناو بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) دا (پێش بەند)ی بەیتەکان بە ( زیادەی دەنگیی)دەست پێدەکات، کە(های+ هۆی)یە. ئەو (زیادە دەنگیی)یانە بە شێوەیەکی زۆر دەکەونە بەرگوێ، تەنانەت بە هۆی چەند جار دوبارەکردنەوەیان ڕستەی موزیکی تایبەت بە خۆیان دروستکردوە.
- ئەگەر (زیادە دەنگیی)یەکان لابرێن، دەقی بەیتەکان لە بەشێکی بەیتەکەدا بەرەو سەروا بون دەڕوات، بگرە کێشداریش دەبن، وەک:

ئەی کاکینە ڕۆ هۆی هۆی هۆی

ئەی بابینە ڕۆ

- (کادێنزا)ی کۆتایی بەیتەکان دەچێتەوە سەر پیتە بزوێنەکانی وەک (ی، ێ، ۆ). لە دەنگی (بنکە) کۆتاییان دێت.
- بە ڕێژەی(٧٠ %٠) (ئۆرنەمێنت)ەکانی وەک (ئەپۆجەتورە، ئەچاکەتورە) دەکەونە سەر ئەو شوێنانەی کە لە دەقی بەیتەکاندا ( زیادە دەنگیی)ن. بە ڕێژەی (٣٠%٠) دەکەونە سەر دەقە سەرەکیەکە.
- بە ڕێژەی (٦٣،١٦%٠) ئۆرنەمێنتی (تکیە) دەکەوێتە سەر دەقە سەرەکیەکە. بە ڕێژەی (٣٦،٨٤%٠) دەکەوێتە سەر (زیادە دەنگی)یەکان.

- بە ڕێژەی(١٠٠ %٠)(پشو) ەکان دەکەونە کۆتایی ڕستە موزیکییەکان.
- ڕێڕەوی میلۆدی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ) هەردو شێوەی (Syllabic) و (Melismatic)لەخۆدەگرێت. واتە هەم (برگە بەرامبەر نۆتە، هەم برگە بەرامبەر فرە نۆتە).
- لە کاتی گوتنی بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا (هەناسە) ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. بە هۆی ئەوەی هیچ جۆرە ئامێرێک بەشداری ناکات، شێوەی ڕیتمی سەربەستە، درێژکردنەوەی برگە و وشەکان دەکەوێتە سەر (هەناسە) درێژی و توانای بەیتبێژ.
- ئافرەت لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا وەک بەیتبێژێکی شینگێڕ دەردەکەوێت.
- چنینی موزیکی (Music Texture) لە نمونەی توێژینەوەکەدا (مۆنۆفۆنی Monophonic)ە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی یەک ڕستەی ئاواز دەبیسترێت و هیچ دەنگبێژێکی تر، یان ئامێرێکی موزیکی هاوشانیی بەیتبێژ ناکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بەیتبێژ لەسەر (چینی دەنگ)ی جێگیر نەبێت.
- مەودای ئاوازیی نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە(پێنج) دەنگ.
- دەنگی سەرەتا و کۆتایی نمونەی توێژینەوەکە یەکانگیرنین. دەنگی سەرەتا لەبەرزترین ئاستی دەنگی بەیتەکە دەست پێدەکات، کە (دەنگی چوارەم)ە لە ئاستی بنکەدا. کۆتا دەنگ بە دەنگی بنکە کۆتایی دێت.
-(مۆتیڤ و فیگورەکان) ئاشکرا نین و بە ئەستەم دەدۆزرێنەوە، ئەمەش یەکێکە لە سیفەتەکانی بەرهەمە (ڕیتم سەربەست)ەکان، کە (مۆتیڤ و فیگور) بە شاراوەیی بەدیدەکرێن.
- پێوانی(سەنت) لە میانە (یەک چارەگە دەنگ) (نیو نزمۆک)ەکاندا، جێگیر نییە و هەر یەکێکیان جۆرە بەرزی و نزمیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی سیفەتێکی تری بەیتەکانە.
- بەیتی کوردی پانتاییەکی گەورەی لەناو ئەدەبی کەلەپوری و گۆرانی و موزیکی کوردیدا داگیرکردوە، کورد زیاتر لە (٢٠٠) بەیتی هەیە، ئەو ڕێژەیە لەبەرامبەر ڕێژەی بەیتی تەواوی گەلانی ئەوروپایە. توێژەر توانیویەتی لیستێک بۆ بەیتەکان دروستبکات. ناوی زیاتر لە (١٦٠بەیت) کۆبکاتەوە.
- لەزۆربەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بەیت هەیە. بەڵام لەهەندێک ناوچە بەیت ناوی تری لێنراوە بۆ نمونە ئێزیدیەکان پێیدەڵێن: (قەول و بەیت).
- مێژوی بەیتی کوردی بۆ هاتنی پێش ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە. لەناو بەیتەکاندا ئەو مێژوە دەردەکەوێت.
- جوگرافیای بەیتی کوردی تەواوی کوردستانی گەورە دەگرێتەوە، بە تایبەت لە شێوەزارەکانی (کرمانجی باکور و کرمانجی ناوەڕاست) بەکارهاتوترە.
- ئافرەتان لەناو بەیتەکاندا هەم قوربانین، هەم پاڵەوان.
- ڕۆڵی ئافرەتان لەبەیتەکاندا جۆراو جۆرە. وەک (داهێنەری بەیت، بەیتبێژ، پاڵەوان، خزمەتکار، خۆشەویست، پێکهاتەی کۆمەڵگای بەیتەکان...هتد).
- ئەو بەیتانەی لەبەردەستدان و مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دوای هاتنی ئاینی ئیسلام، ئافرەت ڕۆڵیان تێدا دەبینێت. بەشێکی بەرچاویان بۆ ئافرەتەکان (ناوی خواستراو)یان بەکارهێناوە. وەک (کیژ، کچەتیم، نازدار....هتد). بەلای توێژەرەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەتان توشی سزای کۆمەڵایەتی و ئاینی نەبن.
- داینامیکی (دیمینوێندۆ) لە هەمو ڕستەکانی نمونەی شیکاریی توێژینەوەکە بەرچاو دەکەون، بە تایبەت لە کۆتایی ڕستەدا.
- ئارتیکۆلەیشن وەک (کەوانی لکان و کەوانی بەستن) لە نمونەی شیکاری توێژینەوەکە زۆر بە دیدەکرێن.

- بەیتبێژ لە نمونەی شیکاریی توێژینەوەکە زۆر بە دەگمەن میانە (یەک چارەگە دەنگ) (نیو نزمۆک)ەکانی جێگیر و یەکانگیر کردوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە هیچ ئامێرێکی موزیکی هاوشانی بەیتبێژ ناکات.

## ڕاسپاردەکان

توێژەر ئەو ڕاسپاردانە دەخاتە بەردەم ناوەندە ئەکادیمییەکانی وەک کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و دەزگا هونەرییەکانی وەزارەتە پەیوەستدارەکان:

- بەستنی کۆنفرانس و دیدار و کۆنگرەی تایبەت لەسەر بابەتی (بەیت) لەلایەن ئەو دەزگا پەیوەستدارانەی کە ڕاسپاردەکان خراوەتە بەردەمیان. بە مەبەستی زیاتر ئاشنابون بە بەیت.
- کردنەوەی خولی گونجاو و وەرزی بۆ فێرخوازانی لاو لەڕێی دەزگا هونەرییەکان و هێنانی کەسانی شارەزا بۆ فێرکردن و ڕاهێنان کردن پێیان لە بواری بەیتبێژیدا.
- یەکلاکردنەوەی گۆڕ و مەزارەکانی (کاکە میر و کاکە شێخ) لە ناوچەی مەرگە، وەک شوێنێکی گەشتیاری و مێژوویی دەستنیشان بکرێت.
- دۆزینەوەی گۆڕەکانی جوتە خوشکەکەیان (خاتو ئەستی و خاتو بەغدانێ). دیاریکردنی چارەنوسیان.
- یەکلاکردنەوەی کاتی ڕودانی ڕوداوەکە لە ڕوی مێژوییەوە.
- یەکلا کردنەوەی ژمارەی قوربانیەکان و شیوەی ڕوداوەکە.
- یەکلا کردنەوەی چیرۆک و دەقە جیاوازەکان لە بارەی ڕوداوەکە، لە لایەن مێژوناسان و بەیتناسانەوە.

## پێشنیارەکان

- لەلایەن پسپۆڕانی موزیکەوە، بە (نۆت)کردنی تەواوی ئەو بەیتانەی کە بە شێوەی دەنگ لەبەردەستدان.
- نوسین و بڵاوکردنەوەی ئەو چیرۆک و باسانەی کە باس لە کات و مێژوی ڕوداوەکە و چۆنیەتی و جۆری ڕوداوەکە دەکەن.
- بەستنی دیبەیت و دانیشتن و کۆکردنەوەی ئەو کەسانەی شارەزاییان لە بەیتی (کاکە میر و کاکە شێخ)دا هەیە.
- لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا گرنگی بدرێت بە ناوچەی مەرگە و زیاتر ناساندنی لە ڕوی مێژوویی و کولتورییەوە.

## سەرچاوەکان

ئازید، جەلیل(٢٠١٦)، تیۆری موزیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ئیزەدیی، میهرداد (٢٠٠٨)، موزیکی کوردی، ئامادەکردن و داڕشتنەوەی محەمەد حەمە باقی، گۆڤاری چلاواز، ژ٣٤، دەزگای موزیک و کەلەپوری کورد، هەولێر.

ئەحمەد، ئارارات (چاوپێکەوتن)، بە ئاڕاستەکردنی پرسیار بە نووسراو بە ڕێگای ڤایبەر، ٢٠٢٤\١١\٢٢.

بەحری، ئەحمەد (٢٠٢٣)، گەنجی سەر بەمۆر، زنجیرەی بەیتی فۆلکلۆری موکریان، بەرگی٢+ ٦، بڵاوکراوەی سەرای هێمن.

ئیبراهیم، کامیران (٢٠١٠)، چەند وانەیەک لە موزیک تیۆریی و پراکتیک، پێداچونەوە د. محەمەد عەزیز زازا، ئنستیتیوتی کەلەپوری کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

بەحری، ئەحمەد (چاوپێکەوتن)، بە ئاراستەکردنی پرسیار بە نووسراو بە ڕێگای ڤایبەر، لە ڕێگەی م. ئارارات ئەحمەد، ٢٠٢٤\١١\٢٨.

بەدلیسی، شەرەفخانی (١٩٨١)، شەرەفنامە، هەژار کردویەتی بە کوردی، کۆڕی زانیاری کورد.

پایانیانی، سەلاح، ٢٠١٩، فەرهەنگی زارەکیی موکریان، بەرگی ٢، چاپی دوەم، چاپخانەی گوتار، سەقز.

جەلیل، جەلیلی (١٩٩٨)،بەیت، بەرنامەی ڕادیۆیی، بازنەی یەک، دەنگی ئەمریکا.

حسێن، پ. د. شێروان (چاوپێکەوتن)، ڕانیە ٢٠٢٤/١٢/٣.

حەسەنپور، ئەمیری (١٩٩٨)، بەیت، بەرنامەی ڕادیۆیی، بازنەی یەک، بازنەی سێ، دەنگی ئەمریکا.

حەمە ڕەش، سۆران (١٩ی ئایاری ٢٠٢٣)، مێژوی موزیک و سەمای کوردی، ماڵپەڕی موزیکناس.
https://muziknas.com/19520231

خەزنەدار، دکتۆر مارف (٢٠٠١)، مێژوی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، بەرگی یەکەم.

خزری، عەلی (١٩٩٨)، بەیت، بەرنامەی ڕادیۆیی، بازنەی دو، دەنگی ئەمریکا.

خزری، سەلاح (چاوپێکەوتن)، ڕانیە، ٢٠٢٤/١٠/٢٩.

خاڵ، شێخ مەحەمەدی (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دوەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

دزەیی، هۆمەر (١٩٩٨)، بەیت، بەرنامەی ڕادیۆیی، بازنەی یەک، دەنگی ئەمریکا.

ڕەزازی، ناسر (٢٠١٠)، کورتەیەک لەسەر مێژوی مۆسیقای کوردی، گۆڤاری چلاواز، ژ٥١، دەزگای موزیک و کەلەپوری کورد، هەولێر.

ڕەزازی، ناسر(٢٠٠٥)، وشەی گۆسان، ماڵپەڕی یاگەی زمانی کوردی.
https://yageyziman.com/N_Gosan.htm

شەریفی، ئەحمەد (١٩٩٨)، بەیت، بەرنامەی ڕادیۆیی، بازنەی یەک، دەنگی ئەمریکا.

عوسمان ڕەشید، ڕێکار(٢٠٢٣)، ڕۆڵی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی لە موزیکی کوردیدا (شاری هەولێر وەک نمونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەشی موزیک.

فەقیەزادە، کاوە (٢٠٢٠)، چۆڵە چرا، چاپخانەی گوتار سەقز.

فەلاح، شەریف(٢٠١١)، ئەدەبی زارەکی و چەند سەرنجێک، مەڵپەری پێشەنگ.
(https://peshang.blogfa.com/post/497)

فەرەج، غەمگین(٢٠٠٥)، دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك، چاپخانەی منارە، هەولێر.

فایەق، پەسار(٢٠٢٣)، هونەرمەند کاوە فەقیەزادە دو بەرهەمی چاپکراو لەبارەی سەنتور بڵاودەکاتەوە، ماڵپەڕی ڕوداو.
(https://www.rudaw.net/sorani/culture/11042023)

قاسمی، تاهیر(٢٠١٧)، میترائیسم لە بەیتی شیخ مەند و شێخ ڕەش دا.

قەرەداخی، ئەسعەد (٢٠١٠)، فەرهەنگی موزیك، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

گەردی، عەزیز (٢٠١٦)، فەرهەنگی کێشناسی، چاپی یەکەم.

لۆڤلەک، ولیەم(٢٠٠٠)، بنەماکانی موزیک، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ع.ج. سەگرمە، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی.
مەحمود زادە، ڕەهبەر (٢٠٠٣)، پێکهاتەی بەیتی کوردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەیوبی، ورمێ.
میکائیلی، د. حسێن (٢٠٢٢)، بەیت لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دا، وەرگێڕانی سپێدە ساڵحی، ماڵپەڕی کوردیا.
https://www.kurdia.net/archives/7566
موهتەدی، سەڵاحی (١٩٩٨)، بەیت، بەرنامەی ڕادیۆیی، بازنەی یەک، دەنگی ئەمریکا.
ماملێ، سمایل ( چاوپێکەوتن)، بە ئاراستەکردنی پرسیار بە نوسراو بە ڕێگای مێسنجەر، ٣٠ی سپتامبر ٢٠٢٤.
هەژار، (١٩٩٠)، هەنبانە بۆرینە، بەرگی یەکەم، تاران.
وەلیانی، عەزیز (٢٠٠٤)، (ژیلەمۆ) ئاورێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، مرکز نشر فرهنگ هیوا مهاباد، چاپی یەکەم.
یاسین، د. بەرزان ( چاوپێکەوتن)، بە ئاڕاستەکردنی پرسیار بە نووسراو بە ڕێگای مێسنجەر، ٢٠٢٤/١٢/١.

## پەراوێزەکان

[1] -ئەحمەدی  خانی (١٦٥١- ١٧٠٦)، لە (١٦٩٢)، ئەو بەیتەی نوسیوە، بۆیەکەمین جار لە (١٩١٩)، لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە.

[2] - مەلا مەحمودی بایەزیدی (١٧٩٧-١٨٥٩) نوسەر، مێژونوس، وەرگێڕ و شاعیرێکی کوردی سەدەی نۆزدە بوە.

[3] - ئۆسکارمان (١٨٦٧/٩/١٦- ١٩١٧/١٢/٥ بەرلین)، لە (١٩٠١- ١٩١١) بۆ لێکۆڵینەوە لە زاراوە (فارسی- کوردی)یەکان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشتی کردوە.

[4] - (EPIK) واتا هەڵبەستی درێژی مێژویی، چیرۆکی پەخشان و دێڕە هەڵبەستی فۆلکلۆرییە (ئارارات، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٤).

[5] - پیرفۆڕمانس زاراوەیەکی لاتینیە، لە موزیکدا بەمانای نمایشکردن و پێشکەشکردنی موزیک دێت، لەوکاتەدا بیرۆکەی موزیکەکە بگاتە گوێگر.

[6] - دەستەواژەی  نیو نزمۆک یان یەک چارەگە دەنگ، لە بەرامبەر (نیوبیمۆڵ) دانراوە، بە لای توێژەرەوە دەستەواژەیەکی ڕاست و دروستە. کە لە پەرتوکی چەند وانەیەک لە موزیک- تیۆریی و پراکتیک، دانانی کامیران ئیبراهیم وەرگیراوە (ئیبراهیم، ٢٠١٠: ٢٦)

[7] - (فۆرمی دەنگیی) ئەم دەستەواژەیە لە ساڵانی (٢٠٠٠)کان بۆ یەکەم جار (د. بەرزان یاسین) لە ئەنجامی توێژینەوەکانیدا بەکاری هێناوە. بەشێک لە فۆرمەکان و شێوەکانی گۆرانی کوردیی پێناساندوە(یاسین، چاوپێکەوتن:٢٠٢٤).

[8] - ئایینی نوێ نوسەر مەبەستی ئایینی ئیسلامە.

[9] - خەزنەدار لەبەرامبەر چیرۆکی شیعریی (داستان= مەسنەوی)یشی داناوە.

[10] - وشەی "گۆسان" ناوی تاکە و بەو لاوکبێژ یان هۆرەچڕانەی کە لە سەردەمی مادەکانەوە هەتا دەگاتە سەردەمی ساسانییەکان (گاتا)کانیان بە ئاواز چڕیوە، وتراوە: گۆسان؛ لە بنەڕەتدا گاسان یان گاتان بوە کە لە وشەی "گات" بەواتای سروت و پاشگری "ان" پێکهاتوە و واتای بوێژی گاتاکان دەدات (https://yageyziman.com/N_Gosan.htm).

[11] - بەیتی (قەر و گوڵەزەر) مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٦٠٠ساڵ) پێش ئێستا. گۆڕی ئەو دو ئەڤیندارە لە تەنیشت یەکەوەیە، دەکەونە (گوندی پڵینگان، سنوری قەزای ڕانیە). ئەو بەیتە لە لایەن (٧ بەیتبێژ) بە تۆمارکراوی لەبەر دەستدایە.

[12] - حەمەدی ئارمان، ناسراو بە حەمەدی ئاغای، لە (١٨٨٦)لە دایک بو، بە ڕەچەڵەک لە عەشیرەتی جاف بوە. لە موکریان گیرساونەتەوە. لە (١٩٨٧) لە ئاوایی گردەبەردانی پیرانشار کۆچی دوایی کردوە.

[13] - کاوە فەقیەزادە، لە مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبوە. لە بواری موزیک لە تاران مامۆستای زانکۆیە. لە بواری 'ناسینی موزیکی' وانە دەڵێتەوە. دامەزرێنەر و مامۆستا و بەڕێوەبەری خولە فێرکارییەکانی موزیکی کوردییە بۆ ئامێری سەنتور. تا ئێستا زیاتر لە 20 کتێبی تایبەت بە هونەری موزیکی چاپکردوە. بۆ ماوەی چوار ساڵ لە شاری سلێمانی لەسەر موزیکی کوردی لێکۆڵینەوە و توێژینەوی بۆ ئەنستیتۆی کورد کردوە. فێرگەی موزیکیی وەفایی لە مهاباد دامەزراندوە. ئۆرکێسترای فیلهارمۆنیکی موکریانی دامەزراندوە. (فایەق، ماڵپەڕی روداو:٢٠٢٣).

[14] - قادر عەبدوڵلازادە، ناسراو بە قالە مەڕە. لە (١٩٢٥)  لە گوندی کولیجە، سەر بەشاری بۆکان لە دایک بوە. لە (٢٠٠٩/٥/٢١) لە  هەمان شار کۆچی دوایی کردوە. شمشاڵ ژەن و هونەرمەندێکی میللی ناسراوە. لەسەر ئاستی ئێران چەندین خەڵاتی ڕێژلێنانی پێبەخشراوە.

[15] - سەرروای ئازاد ئەو سەروایەیە کە شاعیر خۆی بە هیچ قاڵبێکی دابەشبونی سەروا نابەستێتەوە. کەی بیەوێ و لە کوێ ماناو هەستی ناو شیعرەکە بخوازێ، دەیهێنێتەوە (گەردی،٢٠١٦: ١٠٧).

[16] - سیلابیک یان سێلاب: واتا بڕگەیی، وشەی سیلاب لە یۆنانی کۆنەوە هاتوە. لە بنەچەدا زاراوەیەکە بۆ تێکست بەکارهاتوە، لە موزیکدا بۆ دەربڕینی ئاواز بەکاردێت، کە هەر سیلابێک یەک نۆتە بەکاردەهێنێت، مەبەستیش هەر نۆتەیەکی موزیکی لەسەر یەک سیلاب واتە بڕگەیەکی تێکستەکە دادەنرێت (ئازید،٢٠١٦: ١٨٦).

[17] - مێلیزم یاخود مێلیزماتیک لە وشەی (مێلۆز)ی یۆنانی کۆنەوە هاتوە، بە واتای گۆرانی یان ئاواز دێت. بە ئینگلیزی Melismatic، بە ئەڵمانی Melismatik، بە ئیتاڵی Melisma، زاراوەیەکی تێکستییە کە لە موزیکدا بۆ پێچەوانەی دەربڕینی سیلابی بەکاردێت. یەک پیت یان یەک وشە بە چەند نۆتەیەک دەردەبڕێت، واتە بەکارهێنانی چەند نۆتەیەک لەسەر یەک سیلاب (بڕگە) (ئازید،٢٠١٦: ١٨٦).

[18] - ئۆرنەمێنت (Ornaments)[18] (نەخشاندن) بۆ ئارایشتکردنی نۆتەکانی ئاواز بەکاردێت، هەمیشە بە کۆمەڵێک نۆتەی ورد دیاریدەکرێن (لۆڤلەک، ٢٠٠٠: ٢٣١).

[19] - ئەچاکەتورە Acciaccatua یان نۆتەی پلیشاوە (Crushed Note) لە پێش نۆتەی سەرەکییەوە بە بچوکی دەنوسرێ، هێڵێکی کورت بە قاچەکەیدا دەهێنرێت، هەمیشە لەگەڵ ترپەدا دەخوێنرێتەوە نەک لە پێش ترپە. بەپێی توانا کورتترین کات وەردەگرێ( لۆڤلەک، ٢٠٠٠: ٢٣٥).

[20] ئەپۆجەتورە(Appoggiatura)هەمیشە بە نۆتەی بچوک دیاریدەکرێت، هەنگاوێک لەسەر یان لەژێر نۆتەی سەرەکییەوە دەنوسرێت، بەپێی کاتی نۆتە سەرەکیەکە بە چەند شێوەیەک دەخوێنرێتەوە (لۆڤلەک، ٢٠٠٠: ٢٣١).

[21] - تکیە جۆریکە لە ئۆرنەمێنت، کە لەناو موزیکی ئێرانیدا زۆر بەکاردێت و لەبەرامبەر (ئەکساکیاتورا) دادەنرێت و زۆر لێیەوە نزیکە، بەڵام ڕێک ئەو نییە، بەڵکو دەربڕینێکی ڕۆحی جیاوازی تری لەگەڵدایە.

[22] - ڤیبراتۆ واتە لەرزین و لەراندنەوەی دەنگ بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش.

[23] - داینامیک، یان دینامیک گۆڕینی ڕێژەی هێزی دەنگ، واتە دەنگی بە هێز، یان بێهێز و لاواز (ئازید،٢٠١٦: ١٩٣).

[24] - دیمینوێندۆ هێمایەکە بەکاردێت بۆ دامرکاندنەوە و کەمبونەوەی ئاستی دەنگ بە شێوەی پلە بە پلە.

[25] - ئارتیکولەیشن یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دەربڕینی موزیکیی، کە بۆ بەستنەوە و لێک جیاکردنەوەی نۆتەکان و پاڵەپەستۆکردن لەسەر نۆتەکان و ژەنینی نۆتەکان بە تێرو تەسەلی (ئازید، ٢٠١٦: ١٩٥).

[26] - کەوانی لکان بەکاردێت بۆ لکاندنی دو نۆتە یان زیاتر بەیەکەوە کە لەهەمان چینی دەنگی دابن (لۆڤلەک، ٢٠٠٠: ٢٠٦).

[27] - لێگانۆ، کەوانێکی چەماوەیە، بەرەو ئاراستەی سەرەوە، یان خوارەوەیە، لەژێر یان لەسەرەوەی نۆتەکان دادەنرێت، نۆتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەبێ نۆتەکان لە چینە دەنگی جیاواز دابن(لۆڤلەک، ٢٠٠٠: ٢٠٦).

[28] - کێش بریتییە لە پێوانی ڕیتمی ئاواز بە پێی ژمارەی ترپەکان لە خانەیەکدا (هاڵست، ٢٠٠٥: ٥٩).

[29] - خێرایی بریتییە لە تێرەوی ئاوازەکە، هەر ئاوازەی جۆرێکی تایبەت لە خێرایی خۆی هەیە، کە بە ئامێری میترۆنۆم دەپێورێت، کە پێکهاتون لە چەندین جۆری خێرایی نمونە وەک (ئەلیگرۆ، لینتۆ، پریستۆ...هتد).

[30] - میترۆنۆم ئامێرێکە بۆ پێوانەکردنی کاتی موزیکی وەکو کاتژمێرێک لە موزیکدا بەکاردێت (ئازید،٢٠١٦: ٢٠٩).

[31] - مۆد Mode: واتە دەستگا، ئاوازی هەڵبەستراو لەسەر سکێڵەکان، لە ڕۆژئاوا لەسەدەکانی ناوەڕاست لە ئاوازە ئایینیەکان چەند مۆدێک دروستکران. لە ڕۆژهەڵاتیش چەندین جۆرە مۆدی جۆراو جۆر بەکاردێت و ئاواز و میلۆدی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بنیات دەنرێت(قەرەداخی، ٢٠١٠: ٣٠٦).

[32] - ڕەگەز لە موزیکی ڕۆژ هەڵاتیدا بەو چوار دەنگە یەک لە دوای یەکە دەگوترێت، کە لە مەقامدا هەیە، جا لە سەرچوندا بێت، یان لە خوارچوندا. ڕەگەز چەند جۆرێکی هەیە وەک (ڕەگەزی لێک جیا، ڕەگەزی پێکەوە، ڕەگەزی تێکەڵ).

[33] - لە کۆنفرانسی قاهیرە لە ١٩٣٢ بڕیاری ئەوە درا کە ناوی مەقام بۆ ئەو ئاواز و میلۆدییانە بێت کە دەچڕدرێن... بنچینەی دەربڕینی شێوازی مەقام لە چڕینی گاتاکانی زەردەشتییەوە هاتوە....بیرۆکەی بەکارهێنانی وشەی مەقام لە بیرۆکەی فەلسەفەی داستانەوە هاتوە، بە گشتی مەقام هەم وەکو ئاواز بەکارهاتوە، هەم وەکو سکێڵ (ئازید، ٢٠١٦: ٥٠١٩).

[34]- موزیکناسی عەرەبی (حەبیت حەسەن توما) لە تێزەکەی ١٩٧٦ لەبارەی بەیات دەڵێ: گومان لەوە ناکرێت کەوا ناوی بەیات لەلایەن کوردەکانی حەمرینەوە هەڵقوڵابێت (ئازید، ٢٠١٦: ١٥٦).

[35] - مۆتیڤ بە واتای ڕەوت یان جوڵە دێت و لە بنەڕەتدا لە وشەی (Motus)ی لاتینیەوە سەرچاوە دەگرێت. لە ڕێگای مۆتیڤەوە، بنەمای دارشتنی میلۆدیەکان دێتە ئەنجام. ڕەگەزێکی بچوکە لە ڕەگەزەکانی بنیاتنانی بابەتە موزیکییەکان، مۆتیف چەند جۆرێکی هەیە لەوانە: مۆتیڤی کورت: کە کورترین جۆری مۆتیڤە، لە دو یان سێ دەنگ پێك دێت. مۆتیڤی درێژ: لە بیرۆکەیەکی موزیکی پێکهاتوە و لە کۆمەڵە دەنگێکی موزیکی پێکدێت. لەسەر ڕەوتێکی ڕیتمی جێگیرو میلۆدییەکی سەمایی و گۆرانی ئامێز، بنیاد دەنرێت. مۆتیڤی ڕیتمی: هەندێ جار لەسەر بنەمای ڕیزبەندی ترپە ڕیتمییەکانی یەکێک لەسەما میللییە جیهانییەکان بنیاد دەنرێت. (فەرەج، ٢٠٠٥: ٢٤-٢٧).

[36] - فیگور ڕەگەزێکی سەرەکییە لە بنیاتنانی ڕستە موزیکییەکان. لە زنجیرە دەنگێکی موزیکی کە هاوشانی میلۆدییەکی سەرەکی دەکەن و شێوەیەکی ڕیتمییان هەیە. چەند جۆرێکی هەیە لەوانە: فیگوری هارمۆنی، فیگۆری میلۆدی، فیگوری میلۆدی و هارمۆنی، فیگوری ڕیتمی (فەرەج، ٢٠٠٥: ٢٩-٣١).

[37] - کەدێنزە وشەیەکی ئیتاڵییە لە موزیکدا بە واتای جیاواز دێت، واتای سەرەکی ئەوەیە: موزیک دەگاتە کۆتایی، مەبەست کۆتایی بەو بەشە یان بەو موزیکە دێت (ئازید، ٢٠١٦: ٢٥١).

[38] سیستەمی سەنت لەلایەن زانای ئینگلیزی (ئەلێکساندەر جۆن ئێلیس ١٨١٤-١٨٩٠) دانراوە، تاوەکو ئێستا وردترین سیستەمە بۆ پێوانەکردنی دەنگ، لە موزیکدا چەند پێوانێکی تر هەیە وەک (کۆمە، لیمە)(ئازید، ٢٠١٦: ٩٩).

[39] - موزیک تێکسچەر یان چنینی موزیکی یان دارشتن و دانانی موزیکی.

[40] - مۆنۆفۆنی لە میلۆدییەکی یەک هێڵی پێکدێت، دەکرێ بۆ دەنگی مرۆیی یان ئامێری بێت (فەرەج، ٢٠٠٥: ١٣٢).

[41] - بواری دەنگی ئاواز: مەودای نێوان نزمترین و بەرزترین دەنگ و نۆتەیە لە ئاوازدا.